# وڵاتگیریی ڕەشەخاکی عیراق

فتوح سواد العراق




ئـەم نـامـیـلـکـەیـەمـان لـە ڕێگـەی کـاك فـەرهـاد شاکـەلـیـیـەوە پـێ گـەیشت، کـە مـامۆستا مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی کاتی خۆی داوای لەوان کردبوو لە دەرەوە بۆی بڵاو بکەنەوە. مـامۆستا دەستێکی ڕەش لەناوی برد و نامیلکەش لە دەرەوە بڵاو نەبووەوە.

ئێمە لە دەزگای ئاراس پاش ئەوەی پیتکاری و هەڵەبژێریمان بۆی کرد، زانیمان پێشتر لە ساڵی **١٩٩٧** لە سلێمانی لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە بڵاو بووەتەوە.

گوتمان گوێی مەدێ با جارێکی تریش بەیادی ئەو مامۆستا ناودارە و بۆ بـەجـێهـێنـانـی خـواستـی ئـەو لـە کـاك فـەرهـاد شاکـەلـیـی ئـازیـز، نـامـیـلـکـەی ”وڵاتگیریی ڕەشەخاکی عێراق“ بڵاو بکەینەوە. نامیلکەیەکی هێژایە و دەهێنێ چەندان جار دەربچێتەوە.

# وڵاتگیریی ڕەشەخاکی عیراق

## فتوح سواد العراق

واقدی "گوایە" نووسیویە

**ڕۆژبیانی**

کردوویە بە کوردی و لێی کۆڵیوەتەوە و پەڕاوێزی
لەسەر نووسیوە

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێك هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان - هەولێر
هەرێمی كوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیكترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspress.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

واقدی "گوایە" نووسیویە
وڵاتگیریی ڕەشەخاكی عیراق
وەرگێڕانی: ڕۆژبیانی
كتێبی ئاراس ژمارە: ١١٢٧
چاپی دووەم ٢٠١١
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس - هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی كتێبخانە گشتییەكان ٤٣٧ - ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: كارزان عەبدولحەمید
ڕازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
پیت لێدان: نساران بورهان
ڕێنووسی یەكگرتوو: بەدران ئەحمەد حەبیب

بەناوی خوای مەزن ئێزەدی گەورە

## گلەیی و گازەندە و بەرانگاریی پڕوپووچ (خرافات)

نەوەك هەر نەتەوەی کورد بەڵکو زۆربەی نەتەوەکانی ئاری نەژادی دەوروبەر سەربـاری خـۆشبـاوەڕی بـە پـڕوپـووچ و دیـاردە سوروشتـیـیـەکـان، خـێوی دەمارگرژییەکی (تعصب) زۆر سەرسەختانەن بۆ پاراستن و بەرگری لە هەموو جۆرە باوەڕێکی سادە کە لە مێشکیانا چەسپا بێ جا هەزاران بلیمەت و پسپۆڕ و کارەما ناتوانێ ئەو بیر و باوەڕانە، ئەو ئەندێشانە کە زادەی خەیاڵی خامن دەربێنێ و بگۆڕێ بە بیرێکی ڕاست. لەم ڕووەوە گلەیی لە مرۆڤی سادە دڵ و نەخوێندەوار ناکرێ کە مێشکی بەو جۆرە غاراوە، بەڵکو گازەندە و توانج ڕوو ئەکاتە مەلا گەورەکان، ئەدیبە بەرزەکان، خوێندەوارە بالآکان، تێگەیشتووە وردە خاوەن مێشکەکان، کە هەر لە سەرەتاوە هەوڵیان نەداوە بەرگری لە ئەفسانە و پڕوپووچ بکەن. مەلای گەورەی کۆیی جوانی فەرمووە:

ئـەوانـەی هـیـچ و پـووچـیـان لا خـوایـە
وەبــاڵــی وان لــەسەر تـەوقــی مـەلایـە

سادە دڵـی ساکـاری نـەخـوێنـدەوار، سۆفـیـلـکـە ئـاسا و دەروێشانـە شەیدای بیروبـاوەڕێ ئـەبێ، بێ بیرکردنـەوە و هـەڵسەنگاندن و لێکۆڵینـەوە بەرگریی لێ ئەکات. بەڵام سەیر ئەوەیە مەلای خوێندەوار کوێر کوێرانە (تعبدا) هەموو شت پەسەند بکات و بەناو خەڵکا بە پەند و ئامۆژگاری بڵاوی بکاتەوە و نەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەیێکی جێ باوەڕ (قورئان، فەرمایشت، مێژوو، فەلسەفە، عەقڵ). بۆ وێنە:

(١) لە بەشی کوردستانی خوارووی نێوان دوو (زێ)دا سەدەها ساڵە کتێبێکی دەسنـووسی پـڕ لـە درۆ و دەلـەسە بـەنـاوی (فـتـوحـات سواد العراق) دەنگی داوەتـەوە، نـاوەڕۆکـەکـەی وەکو شانـامـەی جـاری جـارانی قـاوەخـانـەکـان بـۆ کوردی سادە ئەخوێندرێتەوە، کەس نازانێ کێ نووسیویە؟ کەی نووسراوە؟ چۆن کەوتووەتە کتێبخانەی بنەماڵەی مەلا سەمەدی مەرگەیی؟ وا قاوە کە

دانراوی (واقدی)یە. ناوئاخنەکەی باسی داگیرکرانی هەندێ جێی کوردستانە و هیچ پێوەندییەکی بە (سواد)ەوە نییە. (وەکو زانراوە: سەواد ناوە بۆ نێوانی کوفە و بەسرە چونکە خاکەکەی لەبەر زۆریی داری خورما لە دوورەوە ڕەش ئەنوێنێ). جا ئەو بنەماڵەیەی کە ئەم دەسنووسەی لایە وەکو گەنجینەی گەوهەر پاراستوویە، بە خواستنەوەش بەکەسی نەداوە، کە ڕوونووسێکی لەسەر وەربگرێ. گوایە ئەم دەسنووسەی (فتوح سواد العرق) لە میسر هەیە بەڵام باسی کوردستانی تیا نییە و تا ئێستە کەس ئەم کتێبەی نەکردووە بەبەڵگە و سەرچاوە. ئەوەی جێی گومانە ئەوەیە کە شێوەی داڕشتنی لە شێوەی (فتوح الشامي)ی واقدی ئەچێ، بەڵام باوەڕ ناکرێ کە واقدیی خەڵکی شاری مەکە خۆی، خۆی نەزانێ کە زۆر لەو یارانەی ناویان لە کتێبەکەدا هاتووە لە شاری مەکە مردوون نەك لە کوردستان. وەك وتم سەدان ساڵە قاوە کە ئەم کتێبە بۆ خەڵك خوێندراوەتەوە، خوێندەوار و نەخوێندەوار کوێر کوێرانە (تعبدا) باوەڕیان پێ کردووە.

ساڵی ۱۹٦٤زا، کە پێشمەرگەی هەڵاتووی کوردی بوین و لە تاوانا گەییبووینە ئێران، وا ڕێك کەوت من و مەلا سەید ئیسماعیل چوینە گوندێ کە مەلا و فەقێی تیا هەبوو. لە مزگەوتەکەدا گۆڕێ هەبوو – گوایە هی یار (صحابی)ێکی پێغەمبەر بووە لەوانەی سپای عەرەبی ئیسلامیان هێناوە بۆ موسوڵمانکردنی خەڵکی کوردستان و هەر هەرێمێ ئیسلامی قەبوڵ نەکردبێ (چونکە کیمیاییان نەبووە) بەڕم و شمشێر و نێزە خەڵکەکەیان قڕ کردووە و سامان و داراییان (انفال) تاڵان کردووە. کوژراوانی نیشتمانپەروەرانی وڵات فڕێ دراونە شیو و دۆڵ و سەرگەردان و بەردباران کراون، ئەگەر سپاییەکی عەرەبیش کوژرابێ (ئەویش دەگمەن)، ئەوا ناونراوە شەهید و سەحابەی کیرام و مزگەوت و نەزەرگای بۆ ڕێك خراوە. هەزارەها بەردی شین و سەوزی لەسەر ڕیز کراوە، بووەتە جێی نیاز و مراز.

مەلا و مامۆستای ئەو مزگەوتە بە بناماڵە شێخ و مجەوەری ئەو گۆڕەن، بە ڕیش و سیما خۆیان خستووەتە دیمەنێکەوە، کوردی ساکار هەر لە دوورەوە کڕنووشیان بۆ ئەبەن. بەڵام ئێمە کە چووینە مزگەتەکەوە لەبەر شەرمی فەقێ و مەلاکە

(فاتحە)یێکمان گرتە گۆڕەکە، پاشان لەگەڵ شێخ مەلادا کەوتینە دووان لە بارەی گۆڕەکەوە. فەقێکان زۆر سەر زیندووانە گوێیان ئەدایە قسەکانمان بەڵام خودی شێخ زۆر قسەکانی ئێمەی بەدڵ نەبوو چونکە ئەو بەو پایەوە کڕنووشی بۆ ئەبرا.

لە تاران بووم ساڵی ١٩٦٥ز بۆ کارێکی خۆم چوومە بانە لە گەڕۆکدا لەگەڵ گەنجێ ئاشنا بووم ناوی حەمە ڕەئووف تەوەکولی بوو، قوتابیی قوتابخانەی بەرزی مامۆستایان بوو (دانشسرا)، ئەم گەنجە ڕۆژێ تەرجەمەیێکی فارسیی کتێبی (فتوح سواد العراق)ی بۆ هێنام کە مەلا عەزیزی واعیزی بە تکای ئەو شێخە یا شێخێکی تری ڕوونووسەکەی لای مەلا سەمەدی بەدەس هێنابوو کردبوویە فارسی و باسی ئەوەشی کردبوو کە لەوەبەر دوو بەرگەکەی (فتوح الشامی)ی عەزیزی واعیزیی ساکارانە وەرگێڕابوو. هیچ ڕاستکردنەوەیێکی وە یا پەراوێزێکی پێوە نەبوو بەڵام من بە دەسکەوتنی ڕوونووسەکە زۆر خۆشحاڵ بووم، بەپەلە کەوتمە وەرگێڕانی بۆ کوردی بەڵام نەك تەواوی دەقەکە بەڵکو بەجۆرێکی گەڵاڵە لە هەندێ جێ فیشاڵ و هەڵنانی ئازایەتیی ئەم و ئەوم کەم کردووەتەوە. پاشان کەوتمە لێکۆڵینەوەیێکی مێژوویی بۆ ڕاستی و دروستی و درۆییی باسەکان، سەرگوزەشتی ئەو ناوانەی تیا هاتبوو، هی یارانی پێغەمبەر (د.خ) و هی سەردار و پادشاکانی (بەناو کورد) و شار و دێهاتەکان. ئنجا کە گەڕامەوە وڵات نامەیێکی چاپکراوم دەس کەوت بەناوی (کوردستان و ئاینی ئیسلام)، دانانی (بەناو) مەلا رەئووف سەلیم حەوێزی، چاپی چاپخانەی جامیعە لە بەغدا ساڵی ١٩٧٠ کە بە دووبەش هاتبووە بەرهەم: بەشی هەڵبەست بۆ ئەوەی وەك جاری جاران لە قاوەخانەکان بخوێنرێتەوە، کە شانامە و بەهنەسا و قەڵای خەیبەر و رۆستەم و زۆراو. تاد ئەخوێنرایەوە. ئەو بەشەکەی بە پەخشان بۆ ئەوەی کۆلکە مەلاکان مانگی ڕۆژوو بۆ موسوڵمانە سادەکانی بخوێننەوە و باسی چۆن هاتنی ئاینی ئیسلام بۆ کوردستان پتر لە دڵانا بچەسپێنن، کە ئەم سیپارەیەم خوێندەوە بۆم دەرکەوت سەراسەر کتێبەکەی (فتوح سواد العراق)ی لای مەلا سەمەدی مەرگەیییە مەلا رەئوف کردوویە بە هی خۆی. لەم کارە سەرم سووڕ نەما چونکە زۆر کەس بە دزینی بەرهەمی خەڵك بوون بە خێوی گەواهینامەی بەرزی ماجستێر و دکتۆرا. بەڵام لەوە سەرم سووڕما ئایا ڕۆشنبیرێکی وەکو کاك

مەسعوود جەلیزادە، یا مەلایێکی وریا یا مێژووزانێکی شارەزا نەبوو ئەم کتێبەی دیبێ و ڕەخنەی لێ بگرێ و خوێنەری گەنجی سادە تێ بگەیێنێ کە هەم کتێبەکە هی مەلا رەئووف نییە و هەم بنەڕەتەکەی جێی گومانە و نابێ باوەڕی پێ بکرێ و تاوانە کە ڕێ بدرێ بە کوردستانا بلاّو بێتەوە. پالاّفتەی قسە، هەولّم دا بەهۆی کاکە زیادەوە کتێبە عەرەبییەکەی لای بنەماڵەی مەلا سەمەدی مەرگەیی بە دەس بهێنم بەڵکو زانیارییەکی تری تێدا بێ، بەڵکو ناوە هەڵەکان ڕاست نووسرابێ، پاش ماوەیێ تەرجەمەیێکی کوردیی سیپارەکەم بۆ هات کە (مەلا محەڕەم کوڕی مەلا سەمەد) وەری گێڕابوو، بنەڕەتە عەرەبییەکەی ڕوونووس نەکردبوو. کە هەرسێ نوسخەکەم گرتەیەك بۆم دەرکەوت (واعیظی) هەوڵی داوە تەرجەمەکەی کەمتر هەڵەی تێدا بێ. من لێرەدا نامەوێ دیاردی بۆ هەڵەکان بکەم چونکە زۆری ئەوێ و لەمەودوا بە پەڕاوێز ڕاستیان ئەکەمەوە. بۆ نموونە: جاثلیق بووە بە جالیس، سەعد جارێ بووە بە بشرو جارێ بە عەمر. واثلە بووە بە وائلە، تاد. من سەرگوزەشتی یاران و سەردارانم بۆ ئەوە کردووە بە پەڕاوێز کە بزانرێ ئەم کەسانە لە کوێ مردوون و چ کارە بوون و لە کوێ ژیاون؟

واعیزی ناوی کتێبەکەی ناوە (فتوحات سواد العراق)، محەڕەم مەلا سەمەد ناوی ناوە (فتح العراق) بەڵام مەلا ڕەئووف ناوەکەی گۆڕیوە بە (کوردستان و ئاینی ئیسلام) و لە بەشی پەخشانەکەدا ناوی ناوە (غەزەواتی سەحابان لە بەشی سەروی کوردستان). لە بیری چووە کە مەولەوی وتوویە:

بیگری بیدزی کلکی هەڵپاچی
لە دەس خاوەن ماڵ هەرگیز دەرناچی

وەلێ ئیبن نەدیم لە کتێبی فیهرستدا لە باسی سەرگوزەشتی واقدیدا ناوی ئەم کتێبەی ناوە (فتوح العراق). بە داخەوە ئێمە عەرەبیی ئەم کتێبەمان دەسگیر نەبوو. مەلا عەزیزی واعیزی (ماڵی ئاوابێ) لە دیباچەی کتێبەکەدا کە تەرجمەی کردووە بە فارسی نووسیویە: ″زۆر شتی وا هەن کە یا لە نامە مێژووییە زلەکانا دەس ناکەون، یا بە جۆرێکی کورت باس کراون، یەکێ لەو شتانەی باسی (فتوحات سواد العراق)ە واتا لە حەدیسەی موسڵەوە تا ئابەدان″. لە پاڵ ئەویشا

باسی داگیرکرانی وڵاتەکانی کوردەواری کە پاش داگیرکرانی وڵاتی شام ڕووی داوە، (زۆر باشە واعیزی ئەوەی بۆ ڕوون بووەتەوە کە پێوەندی نییە لە نێوان (فتوحات سواد العراق) و کوردستانا، چونکە ڕەشەخاکی عیراق لە سەردەمی پۆستنشینی یەکەم ئەبوو بەکرا (خ.خ) داگیر کراوە. بە فەرماندەییی (مثنا – خالد)، بەڵام کوردستان لە سەردەمی پۆستنشینی دووەم عومەرا (خ.خ) داگیر کراوە. بە سەرداریی سەعد کوڕی وەقاس کە والیی کوفە بووە و بە فەرماندەییی (هاشم – قەعقاع، جەریر، عەزرە، عەتەبە) کە هەموویان لەمەودوا لە پەڕاوێزەکانا ناویان دێ. ڕاستییەکەی ئەو حەلە ناوی کوردستان نەئەبرا تەنیا ناوی (بلاد الجبال) ئەبرا. ئەوەبوو هێزەکانی ئیسلام پاش داگیرکرانی (مەدائین)ی پایتەختی ساسانییان و هەڵاتنی (یەزدگورد) لە نارەوەنەوە (نهروان) بەرەو ژوور بوونەوە بۆ شارەبان – خوسرەو ئاباد (قزڵ رەباط) گولولالاك (جلولاء) – خانەقین و کوشتارێکی زۆر زۆریان لە کوردی ئەو ناوە کرد تا گەیشتە (حەلەوان). خەلیفەی دووەم عومەر (خ.خ) کە موژدەی سەرکەوتن و داگیرکردنی وڵاتی ژێر ساسانی تا چیا پێ گەیشت، نووسیی بۆ سەعد: "حەزم ئەکرد لە نێوانی ئێمە و چیادا (بلاد الجبال – کوردستان) بەرزە بەنەنێکی ئاگرین هەبووایە، نە ئێمە بەرەو ئەوان ڕێمان هەبوایە، نە ئەوان بەرەو ئێمە، ئێمە ڕەشەخاکی عیراقمان بەسە". بێگومان سەرمەستی سەرکەوتن و زاڵبوون بەسەر سپای ساسانیدا لە خانەقین و گولولالادا هانی سپای عەرەبی داوە کە لەسەر شەڕ بەردەوام بن، تەنانەت کە زانییان کورد دوژمنی دەسەڵاتی ساسانین زوو جاڕی ئاشتییان لەگەڵ دان لە بەڕازەروو (بلد روز)، بەندەنیجین (مەندەلی)، خوزستان، شارەزور حەلەوان و بە پشتیوانیی کورد هەڵگژان بە چیا سەختەکان و کێوەکانا (کرمازان – دینەوەر)یان بە ئاشتی داگیر کرد و بەرە و نەهاوەند پێش کەوتن. لەوێ دووچاری سەرسەختیی کوردە لوڕەکان و سپای وڵاتی ساسانی بوون و کارەساتی نەهاوەند قەوما. جا بە گومانی من ئەم کتێبە کە تەنیا تایبەتە بە خاکی کوردستانی نێوان دوو زێ (بچووك – گەورە) لەلایەن مەلایێکی کوردی سادەی خەڵەفاوەوە، کە زۆر لە باری ئاینییەوە دەمارگرژ و کوێر کوێرانە پیا نووساوە و شارەزای تەنیا ئەم هەرێمە بووە. دەربارەی ئەودوای کوردستان هیچ جۆرە شارەزاییەکی تری نەبووە بەڵکو ناوی

شار و دێهاتەکانی تری کوردستانی نەزانیوە. وەگەر نە باسی پاڵەوانێتیی (خالید کوڕی ولید)ی لەودوای کوردستانیشا هەر ئەکرد. بەڵام سەیر لە هەندێ شەڕا بە دڵسۆزییەکی تەواو باسی قارەمانێتی و ئازایەتی و پاڵەوانانی کورد ئەکات، بەسەر و پۆتەڵاکیانا هەڵ ئەدا، وەلێ هەزاران جار لەعنەت و سەگ تۆپیان بۆ بەکار ئەهێنێت. لێرەدا با باسی ئەم کتێبە بەس بێ.

(٢) عەرەب لە سەرەتادا بەرواری مێژوویەکی تایبەتی خۆیان نەبووە، شتیان ئەبەست بە ڕووداو و قەوماوێکەوە. ئەوانەی لەژێر دەسەڵاتی ساسانیدا بوون بەرواری مێژووی ئێرانیان بەکار ئەهێنا، ئەوانەیان لە ژێر دەستی ڕۆما بوون، مێژووی ڕۆمییان بەکار ئەهێنا. لەپێش سەرەتای پەیدابوونی ئیسلاما ساڵی فیلیان کردبوو بە سەرەتای بەروار (کە ئەبرەهەی ئیمپراتۆری حەبەشە بەفیلەوە هاتبوو کەعبە بڕووخێنێ). پاشان عومەری کوڕی خەتاب (خ.خ) بیری لەوە کردەوە دەبێ ئیسلام سەرەتای مێژووی خۆی دەسنیشان بکات. کۆچی پێغەمبەر (د.خ) بۆ مەدینە کرا بە سەرەتای مێژووی ئیسلام چونکە لەوێوە ئیسلام سەری هەڵدا بەڵام شیعەی عەلی (خ.خ) سەرەتای مێژووی ئیسلامیان بردەوە بۆ نێردرانی محەمەد بە پێغەمبەری (بعثت). لە ڕاستییا دەبووایە ڕۆژی لە دایکبوونی محەمەد (د.خ) بکرایە بە سەرەتای مێژووی ئیسلام بەڵام کەس ئەمەی بە یادا نەهاتبوو چونکە بەڕاستی کەس نەیدەزانی محەمەد کەی لە دایك بووە، چونکە ئەو بە هەتیوی لە دایك بووبوو (لە مەکە) پاشان درابوو بە دایان بە حەلیمەی سەعدییە. دوو ساڵ یا پێنج ساڵ لە دێهات مابووەوە، لە شەش ساڵیدا دایکی مردبوو. عەبدولموتەلیبی باپیری بەخێوی کردبوو. کە باپیری مردبوو کەوتبووە ماڵی ئەبو تاڵیبی مامی و (نۆ ساڵان بوو)ە. خودی محەمەد کە گەورە بوو بە یادیا نەهاتووە کە ئاهەنگی لەدایکبوونی خۆی بگێڕێ. وا دیارە لەناو عەرەبا شتی وەها یاسا نەبووە. پاش ئەوەی کە بووە بە پێغەمبەریش کەس لە وەرەقە کوڕی نەوفولی مەسیحیی نەپرسیوە: بە پێی بەرواری مەسیحی کەی محەمەد (د.خ) لە دایك بووە؟ پاش مەرگی محەمەد بە ساڵەها کە مێژوونووسان پەیدا بوون ئینجا بیریان لەوە کردووەتەوە. سوننە ئەڵێن: دوازدەی ربیع الاول لە دایك بووە. ساڵی فیل یا

بەپێی درۆیەکی ئێرانییەکان گۆیا محەمەد (د.خ) خۆی وتوویە "لە سەردەمی پادشای دادگەر نەوشیروانا لە دایك بووم"، (ئەو نەوشیروانە دادگەرە کە لە یەك ڕۆژا ١٥٠ هەزار کەسی لە سیشتان کوشت). شیعە ئەڵێن: پێغەمبەر لە حەودەی محرمدا لە دایك بووە. دەربارەی مەرگیشی خودی سوننە ناکۆکن. هەندێ ئەڵێن: ١٢ ربیع الاول یا ٢٨ی ربیع الاول، بەڵام شیعە ئەڵێن ٢٧ی مانگی سەفەر مردووە. ئیتر ئەمەیە کاری عەرەبی ئیسلام. با بێینە سەر ئاهەنگی (مەولوود)، ئەم یاد، لە سەردەمی چوار یارا باو نەبووە، لە سەردەمی دەسەڵاتی بەنی ئومەویدا کە ئەوان موسوڵمانەتییان بۆ دەوامی سەڵتەنەت پاراستووە، دیسان باو نەبووە. لە سەردەمی عەباسیشا کە نزیکەی ٥٠٠ ساڵ بەناو خەلیفە خاوەن دەسەڵات بوون هەرگیز یادیان لە ئاهەنگی (مەولوود) نەکردووەتەوە یەکەم جار. ئەم ئاهەنگە لە شاری هەولێر لە کوردستانا بەرپا کراوە، ئەمەش لە سەردەمی دەسەڵاتی دەوڵەتە تورکمانەکانی پاشماوەی سەلجووقیدا، لێرەوە سەری هەڵداوە، وەك لە کتێبە (مەولونامەکانا) نووسراوە: نوورەدین زەنگی خەوی دیوە، پێغەمبەر (د.خ) پێی وتووە: بگەرە فریام، دوژمنانی دین ئەیانەوێ لاشەکەم لە گۆڕ دەربهێنن، نوورەدین بەپەلە بەهێزەوە ڕووی کردە مەدینە و دوو کافری سووری چاوشینی لە ژوورێکی بارەگای پێغەمبەردا دۆزییەوە کە قومشیان لێ دابوو بۆ ژێر گۆڕەکە ئینجا ئەوانەی کوشتووە و دەوری گۆڕەکەی قورقوشم ڕێژ کردووە و گەڕاوەتەوە. پاش چەند ساڵ کە موزەفەر بوو بە سوڵتان لە هەولێر کردی بەیاسا لە یادی لەدایکبوونی پێغەمبەرا ئاهەنگێکی گەورە بگێڕێ. هەزارەها لەنگەری حەلوا، دەیان هەزار سینی پڵاو و گۆشت بدرێتە دەرخواردنی گەدا و هەژار و سۆفی و دەروێش و کوێر و سەقەت و شێخ و فەقێ و مەلا و شایەر و هەڵنەر و مەولودخوێن و بەستەوێژ و دەفژەن و تەپڵ و دومبەڵەك کوت. بەم هۆیەوە لە هەموو وڵاتی موسوڵمانی دەوروبەرەوە شایەر و کۆلکەمەلا ئەکەوتنە چامە نووسین و (مەولوودنامە) ڕێکخستن. بۆ ئەوەی لەو مانگەدا بەر خەڵات و بەراتی سوڵتان موزەفەر بکەون. زۆر سەیرە لەناو ئەم هەزاران شێخ و مەلا و نووسەر و پیاوماقووڵانەدا کە حەلوایان ئەخوارد یەکێ نەیپرسی: ئەم یادە لە

کەیەوە داهاتوە؟ لە کەیەوە بووەتە یاسا؟ ئەم دارایی و سامانە کە سوڵتان بەختی ئەکات هی گەنجینەی گەلە (بیت المال) یا هی خۆیەتی؟ ئەگەر هی گەنجینەی گەلە ئەوا دەبێ لەسەر ئەم کارە لێی بپرسرێتەوە، لەسەر تالآن و دزیی گەنجی وڵات بدرێتە دادگا. ئەگەر هی خۆیەتی دەبێ لێی بپرسرێ لە کوێی بوو؟ بۆچ بەم جۆرە بۆ ناوبانگ بەختی ئەکات؟ بۆچ نایکاتە قوتابخانە؟ نەخۆشخانە؟ تیمارخانە؟ بە مووچەی مانگانە بۆ کوێر و شەل و پیر و پاتاڵ؟ بۆچ ڕووبارێ ئاو ناهێنێ بۆ هەولێر بۆ ئاودانی پێدەشتی بیابانی نێوان ڕیزە چیای زاگرۆس و حەمرین (قەرەجوغ) کە وڵاتەکە ئاوەدان بکاتەوە؟ ئەم یاسایە لە سەردەمی شەڕی چەلیپایی (صلیبی)دا کە هەولێر کەوتە ژێر دەستی سەلآحەدینی ئەیوبی و سوڵتان موزەفەر گوێزرایەوە بۆ شارەزوور ئیتر تێك چوو، بەڵام ئایا ئەم موزەفەرە ئەم کارەی لەبەر موسوڵمانەتی بوو؟ یا بۆ ئەوەی بەم ناوەوە هەزارەها شایەر و هەڵنەر و بەستە و بالوێرەوێژ، بە سەروپۆتەڵاکیا هەڵبدەن؟ ئایا ئەم کارەی تاوانی کوشتاری کەرخینی (کەرکوك) و شارەزووری ئەپۆشی؟ مەلایانی عەرەب لەم ڕۆژگارەوە کەوتنە دانانی (مەولوودنامە) هەزارەها درۆیان هەڵبەست. بەڵام لەناو کوردەواریدا بڵێسەکە دامرکایەوە. سەیر ئەوەیە لە سەردەمی (بابان)دا جارێکی تری باسی (مەولوود) سەری هەڵدایەوە. زۆر لە مەلاکانی کورد (مەولوودنامەیان) نووسی(ئیبن ئەلحاج، شێخ حوسەینی قازی، مەلا عەبدوڵای جەلیزادە، مەلای باتەیی. تاد) لە کتێبەکانیانا هەزارەها درۆی شاخ و گوێداریان لە کتێبە عەرەبییەکانەوە گوێزایەوە، کە خاوەنی هۆش و ئاوەز بێزی لە خوێندنەوە و بیستنیان دێ. حەزرەتی محەمەد (د.خ) لە چل ساڵی بەدواوە، بووە پێغەمبەر، وردە وردە سروشی بۆ هات و فەرمانی درایێ کە پێغەمبەرایێتیی خۆی ڕابگەیێنێ و قورئان بۆ خەڵك بخوێنێتەوە (قل إنما أنا بشر مثلكم يوحى إلى). (قل ما كنت بدعا من الرسل و ما أدرى ما يفعل بى). (قل لو كنت أعلم الغيب لا أستكثرت من الخير). بەڵام پاش مەرگی بەدەیان ساڵ، ئینجا فەرمایشتەکانی کۆکرایەوە، ئینجا مێژوونووسی دەستی پێ کرد، درۆزن و ساختەچییەکان کەوتنە کار بۆ دانانی درۆ (كنت نبياً و آدم بين

الماء و الطين) و (لولاك لولاك لما خلقنا الافلاك). مالّی رافزی و شەبەکەکان ئاوابێ ئەوان لە درۆدا لەگەڵ ئەمان کەوتنە ڕەتڕەتکێ (مسابقة). نووسیویانە: کاتێ پێغەمبەر (د.خ) چوو بۆ خزمەتی خوا (معراج) سەرنجی دا (عەلی ڕەش) واتا ئیمامی عەلی (خ.خ) لەسەر عەرش دانیشتووە، محەمەد سەری سووڕما وتی (تۆ)؟ (عەلی ڕەش وتی: "محەمەد منم عەلی ئەعلا". محەمەد کڕنووشی بۆ برد و گەڕایەوە و ئەو سڕەی پۆشی.

پاش مەرگی پێغەمبەر، دوژمنانی ئاینی ئیسلام کەوتنە کۆکردنەوەی درۆ و دەلەسەی لە وزە بەدەر، من ئێستە لەو (مەولونامە)انەی کە مەلای کورد نووسیویانە تەنها کتێبەکەی حاج مەلا عەبدولآی جەلیزادەم لەبەردەستایە، کە شاکاری نووسینی پەخشانی ئەو سەردەمەیە. بۆ نموونە چەند دێرێکی یاداشت ئەکەم: " ژنەکە لە خەوا دی پیاوێك لە غایەتی حوسن و جەمالدا، قامەت عەرعەری، مووکەمەری، ئافتاب ڕوخساری، گوڵزاری، میشك موویی، عەنبەر گێسوویی، فریشتە سوروشتی، جەماڵ بەهیشتی، فەسیح زبانی، مەلیح دەهانی...تاد)، لە پارچەیێکی دیدا نووسیویە: "شەیتان ڕووی کردە تاوس گوتی: ئەی تائیری ساحب فەڕی ڕەنگین پەڕی، نەخشین باڵی، سەوزوشین ئاڵی، سورەت پاکی، سیرەت چاکی، موبارەك پەیکەریی، خوجەستە سێبەری، خۆش ئەندامی، شیرین خەرامی هوما سایە. تاد". حاج مەلا عەبدوڵلا ئەو کتێبە سەراسەر ئەفسانەیەی بەم ڕشتە هونەرییەی ئەو سەردەمە ڕازاندووەتەوە، هەر لە ئەفسانەی پەیدابوونی سوروشتەوە سەرجەم هەواڵەکانی (جلوە) و (مصحەف رەش) و ئەفسانەی ئیسرائیلی و پڕوپووچی موغی تیایە سەرەڕای هەندێ ئەفسانەی دروستکراوی نووسەرانی عەرەب کە لە درۆ و دەلەسەییدا بێ وێنەیە. لە کاتێکا ئامنە خانمی دایکی محەمەد ژانی زاین ئازاری داوە وتوویە: " کەس نییە ئەنیسم بێ، کەس نییە جەلیسم بێ، بێ پشتیوانم، کەس نییە ببێ بە مامانم، لەناکاو روکنی دیوار شەق بوو، چوار ژنی ماه ڕوخسار، فریشتە کردار هاتنە دەر. یەکەم حەوا، دووەم سارە، سێیەم عاسیە ژنی فیرعەون، چوارەم مریەم دایکی عیسا". زۆر سەیرە کە مەلای گەورەی وەك حاج عەبدولآ لە بیری بچێ کە قورئان دەفەرموێ: (أَللّه يَتَوفى الأنفس حين موتها و التى لم تَمُتْ فى منامها فَيُمسِك التى قضى عيها

الموت و يُرسِل الأخرى). ئیتر چۆن ئەم خانمانە لە گۆڕ هەستانەوە؟ زیندوو بوونەوە بۆ مامانی؟ جگە لەوە چۆن زانرا ژنی فرعەون ناوی (عاسیە کچی مزاحم) بووە؟ ئەم کتێبە (مەولودنامە)یە سەت ساڵ لە ئاهەنگی مەولوودا خوێندراوەتەوە، هیچ مەلایێ رەخنەی لێ نەگرتووە؟ کوێر کوێرانە (تعبدا) پەسەندیان کردووە. هەزارەها سەڵەواتیان ناردووە تا ڕادەیێ کە مەلا محەمەدی کوڕی کە بە مەلای گەورە بەناوبانگە، لە ڕۆشنبیر و ئازادەکانی وڵاتە دژی ئەفسانە و پڕوپووچە، ئەویش چاوی پۆشیوە چونکە هی بابی بووە، کەچی هەرگیز چاوی لە ئەفسانە و پڕوپووچی سوفیلکە و دەروێش و شێخەکان نەپۆشیوە.

(٣) با لە (مەولود نامەکان) لا بدەم، لەم ساڵانەی دواییەدا زۆر کتێب پەیدا بوون بۆ ئەوەی بنەماڵە ناسراوەکانی کورد، عێل و خێڵەکانی کورد ببەنەوە سەر عەرەب ئەویش بەو ناوەوە کە هەندێکیان لە بنەڕەتا (سەید)ن. مامۆستا مەلا کەریمی بیارە کە بە کتێبەکانی (نالی، مەحوی، یادی مەردان) گەورەترین خزمەتی ئەدەبی کوردی کردووە، کتێبێکی نووسیوە بەناوی (بنەماڵەی زانیاران) سەدەها درەختی نەژادی (شجرة أنساب)ی لە پیر و پیرەژنان وەرگرتووە کە هەموویان پاش چەند پشتێ ئەبن بە بەرە پیاوێ پێچەوانەی زانست، زۆریان بە سێ پشت ئەگەنە ئیمامی عەلی (د.خ) کە بەپێی زانست سەدەیێ بۆ سێ پشت (یا چوار پشت) دانراوە لە یەك جێ کەمێ خۆی ماندوو کردووە (لاپەڕە ٣٨٢) رەخنەی لەوە گرتووە کە کتێبە (بحر الأنساب)ەکان شاردراونەوە، ئەمانی تری نەك (بحر) نین، بەڵکو (نهر الأنساب)یش نین. لە کتێبەکەی مامۆستادا زۆر کەس بە شێخ و مورشید و زانا دراونە قەڵەم کە مێژوو ڕێ نادا بەم جۆرە ناویان ببرێ بۆ نموونە: کە (شێخ عەلی)ی گەورە مرد لەبەرئەوەی کە شێخ محەمەد رەئووفی تاڵەبانی سەرۆکی شارەوانیی کەرکوك بوو، شێخ حەبیب رەئیسی قەرەحەسەن بوو، هەیئەی ئەوقاف کۆ بوونەوە شێخ محەمەد عەلی کوڕە گەورەی شێخ عەلییان دانا بە شێخ – کە لەوەپێش پیاوی دنیا بوو، خێوی سوار و تووڵە و تاژی بوو، خوێندەوارییێکی وەهای نەبوو. شێخ جەمیلی کوڕی ئەویش هەر بەو تەرزە بوو. خەڵك رەخنە لە مامۆستا دەگرن کە ئەم ناوانەی بۆیە خستووەتە کتێبەکەیەوە چونکە ماوەیێ

له ته‌کیه‌ی تاڵه‌بانی ماموٚستا بووه. هه‌روا له لاپه‌ڕه (٣٢٤)دا نووسراوه كه شێخ عه‌بدولكه‌ریم قادر كه‌ره‌م مرد شێخ محه‌مه‌دی كوڕی له جێگه‌ی دانیشت، كه ئه‌مه هه‌ڵه‌یه، شێخ محه‌مه‌دی كوڕی كه ئینگلیس كوردستانی داگیر كرد، كرا به ڕه‌ئیس (مودیر ناحیه)ی لای میكائیل و له سییه‌كانا مردووه. ئه‌وی كه بوو به جێنشینی شێخ عه‌بدولكه‌ریم شێخ ئیبراهیمی كوڕی شێخ محه‌مه‌ده، كه هه‌موو وه‌ختێ له‌گه‌ڵ ماموٚستا مه‌لا كه‌ریم له باره‌گای گه‌یلانییه. ئه‌م شێخ برایمه (مساح) بوو له‌سه‌ر تكای من و شێخ مارف وازی له وه‌زیفه‌ی میری هێنا و له جێی باپیری دانیشت چونكه شێخ سمایلی كوڕی شێخ عه‌بدولكه‌ریم كه دووه‌مین كوڕی بوو بیری لای ئاغایێتی بوو. كوڕه‌كانی تری له‌و سه‌رده‌مه‌دا چه‌پڕه‌و بوون، جگه له‌م كتێبانه‌ی باسم كرد هه‌ندێ نیمچه وتار و سیپاره‌ش به ناوی خزمه‌تی كورده‌وه بڵاو كرانه‌وه، به‌ڵام زیانیان له سوودیان پتر بوو. (چمكێكی مێژووی هه‌ورامان و مه‌ریوان) كه تووداری نووسیویه، (شه‌جه‌ره‌ی بنه‌ماڵه‌ی سه‌رگه‌تی بلباسی، (كتێبی شێخان) ئه‌مانه چ سوودێكیان بوٚ كورد نییه، هه‌زاره‌ها بنه‌ماڵه‌ی كوردیان به دروٚ كردووه به (سه‌ید). یونس سامه‌ڕائی ئه‌م كتێبانه‌ی كردووه به سه‌رچاوه و به‌ڵگه و نووسیویه: (هذا كتابنا ینطق علیكم بالحق). (كفى بنفسك علیك حسیبا).

له پاوه‌مانی ئه‌م وتاره‌دا ئه‌ڵێم خوا نه‌ته‌وه‌ی كورد بپارێزێ له‌و نووسه‌رانه‌ی جارێ كورد ئه‌به‌نه‌وه بوٚ ره‌گه‌زی پارسی كوٚن، جارێ بوٚ فینوٚڵه‌كانی ئوغوزستانی مه‌غوٚلستان، جارێ بوٚ سه‌ر عه‌دنان و قه‌حتان و ئومه‌یه و یه‌زید. باش بوو عه‌بدولسه‌لام و فیل و غه‌مراوی و مانه‌ندیان لافه‌كانیان ئه‌وه‌نده ساده‌یانه بوو نه گێژ بوونه قه‌یسی، نه مزووری بوونه (مضر) نه زه‌نگه‌نه بوونه به‌نی ئه‌سه‌د، نه جاف بوونه عه‌نزه، نه ڕوٚژبیانی بوونه مه‌والی. نه دزه‌یی بوونه ته‌ی، نه به‌رزنجییه‌كان بوونه نعێم.

به‌غدا ١٩٨١ (١٤٠١ ك) (٢٦٨٠ م)

م. جه‌میل ڕوٚژبیانی

سه‌رنج : ئه‌م پێشه‌كییه پاش پاكنووسكردن توٚزێ ده‌سكاری كراوه.

## کوردیی دیباچە فارسییەکەی مەلا عبدالعزیزی واعیزی

بەناوی خوای مەزن و میهرەبان

زۆر شتی وا هەن کە یا لە نامە مێژووییە زلەکانا دەس ناکەون وەیا بەجۆرێکی کورت باس کراون، یەکێ لەو شتانە باسی (فتوحات سواد العراق)ە واتا لە حەدیسەی موسڵەوە تا ئابەدان و لەپاڵ ئەویشا باسی داگیرکرانی وڵاتەکانی کوردەواری[1] کە پاش داگیرکرانی وڵاتی شام

(١) راستە لە کتێبە مێژووییە کۆنەکانا ناوی (کوردستان) نەهێنراوە بەڵام لەباتی ئەو ناوی وڵاتی چیا (بلاد الجبل) هێنراوە و ناوی زۆربەی هەرێمەکانیش یاداشت کراون، (ئەهواز)، یا ئاوەزێ، سەلمانی کوردی لەکی ڕامهورمزی (فارسی) داگیری کردووە، پاش داگیرکرانی (مەدائین) لە نارەوەن (نهروان)ەوە بەرەو ژوور بوونەوە، شارەبان، خوسرەو ئاو (قزل رەباط) خانقین، گولولالا (جلولاء) هەموویان بەشڕ داگیر کردووە تەنیا لە خانەقین سەت هەزار گەنجی کورد، بەناو (سپای ساسانی)، بوون بە قوربانی وڵات. ئینجا حەلەوان، شارەزوور بە ئاشتی داگیر کراون. دینەوەر کرماشان، میرجانی گچك (مهرجان قذق)، سیروان، سەیمەرە، ئەمانە هەموو بەشەڕ و ئاشتی داگیر کراون، گەورەترین شەڕ لە (نەهاوەند) (لورستان) ڕووی داوە. ئەو هێزانەی کە بەسەرداریێتیی (سەعد کوڕی ئەبو وەقاس) و بە فەرماندەییی ئەم فەرماندەییانە (هاشم کوڕی عوتبە برازای سەعد، جەریر کوڕی عەبدوڵای بەجەل، قەعقاعی کوڕی عەمر، ئەشعەسی کندی، عیزرە – یا – عروە کوڕی قەیس، عوتبە کوڕی فەرقەد و هی تری. هەندێکیان لای تگریتەوە ڕوویان کردووەتە وڵاتی (باجەرمی) (گەرمیان)، بەوازیج (دەشتی حەویجە) راذانات خویلەنگان (طوزخورماتووی ئیستە)، دیکوك (دقوقا)، کەرخینی (کەرکوك) و خانیلجار (قەرەهەنجیر)یان داگیر کردووە، کە سپای ئیسلام گەییوەتە دەربەند (عقبة الحلوان) خەلیفەی دووەم عومەر کوڕی خەتاب نامەیێکی بۆ سەعد نووسیوە، لە وەرامی نامەی موژدەی سەرکەوتنا: ″خۆزگە لە نێوانی ئێمە و چیادا (واتا کوردستان) بەنەنێکی (سدّ) ئاگرین بووبووایە، نەئەوان رێیان بەرەو ئێمە بووبووایە، نەئێمە بەرەو ئەوان، بۆ ئەوەی ئیتر یارانی پێغەمبەر نەکوژرانایە، ئێمە ڕەشەخاکی =

ڕووی داوە(٢). ئەم باسانە و باسی چلۆن هاتنی یارانی پێغەمبەر (د.خ) بۆ بڵاوکردنەوەی موسوڵمانەتی بە وڵاتی ئێمەدا و چۆن موسوڵمانبوونی باوك و باپیرانمان، ئەمانە هەمووی تەنیا شتێکن دەماودەم بە ئێمە گەییون و لە گەلێ جێگەی کوردستانیشا بڕبڕە گۆڕستانێ هەن کە بەناوی گۆڕستانی ئەسحابان (خ.خ) بە ناوبانگن. بۆ زانینی ئەم شتانە هیچ جۆرە نامیلەکەیێ وە سەرەچاوەیێ لە نێوا نەبوو(٣) تا سێ ساڵ لەمەوبەر کە جەنابی شێخ محەمەد ئەمین کوڕی شێخ ئەحمەدی سەرئاوی کە خۆی یەکێ بووە لە جێنشینانی شێخ عومەر زیائەدین و

= عیراقمان بەسە". بێگومان پاش ئەوە فەرماندەیانی ئیسلام سوودیان لە ڕاپەڕینی کورد دژی ساسانی وەرگرتووە و بەپشتیوانیی کورد هەڵگژاون بە چیاکانا بەرەو هەمەدان و ڕەی و ئیسفەهان. ئەمە لای خۆرهەڵات و باشووری کوردستانەوە لای باکور و خورئایشەوە، عەیاز کوڕی غەنەم و سەرکردەکانی هەرێمەکانی (جەزیرە، ئامود، حەکاری، موسڵ، هەولێر)یان داگیر کردووە و بەرەو ژوور بوون بەرەو سەرەوەی کوردستان و ئازەربایجان و ئەرمەنستان (تەبەری، ئەلکامل، بەلازری، دینەوەری).

(٢) شام لە سەردەمی کۆندا ناو بووە بۆ ئەم وڵاتانەی ئێستە (سوریە، فەلەستین، ئوردون، لوبنان)، لەلایەن پۆستنشینی یەکەم ئەبو بەکر (خ.خ)ەوە سپایێکی چوار لەشکریی ئیسلام بەسەرداریی ئەبو عوبەیدەی جەراح و فەرماندەیی یەزیدی کوڕی ئەبو سوفیان، عەمری کوڕی عاس، شورەحبیل کوڕی حەسنە، (نێردرا بۆ داگیرکردنی) شام. هێزەکانیان لە سەرەتادا بەرامبەر بە سپای ڕۆم شکستی خوارد، ئەبو بەکر فەرمانی دا بە (خیالد کوڕی وەلید)، کە لە شەڕدا بو دژی (مناذرە)ی فەرمانڕەوای حیرە (سواد العراق)ی ژێر دەسەڵاتی ساسانی، کە سپای ئیسلامی بەجێ بهێڵێ بۆ (مثنا حارثة) و خۆی و هێزەکەی بەپەلە بگاتە فریای (ئەبو عوبەید) لە شام، جا (خیالد) شثاثە (عەین نەمر)ی بەجێ هێشت و بەسەر ئەنبار و حەدیسەدا ڕووی کردە شام و بەسەر سپای ڕۆمدا زاڵ بوون و کەوتنە داگیرکردنی وڵاتەکە. زۆری پێ نەچوو ئەبو بەکر مرد (خ.خ) و عومەر بوو بە خەلیفە (خالدی گۆشەگیر کرد).

(٣) وا دیارە واعیزی (فتوح البلدان، الاخبار الطوال، طبری، ابن الاثیر)ی نەدیوە، یا مەبەستی ئەوەیە کە تایبەت بە کورد نەبوون، هەروا ڕەنگە (تأریخی گوزیدە، شەرەفنامە، زبد التواریخ، تەئریخی ئەردەڵان. تاد)، ئەمانەی نەدیبێ کە تایبەت بە کورد زۆر زانیارییان تێدایە بۆیە گازاندە دەکات.

باوکیشی یەکێ بووە لە پۆستنشینانی (خلفاء) شێخ عوسمان سیراجەدینی بیارە. ئەم بنەماڵەیە لە دێی بێژوێ)ی سەر بە ناوچەی ئالانی دەڤەری سەردەشت دائەنیشن و خەریکی بڵاوکردنەوەی زانست و ڕێبەدێیکردنی خەڵکن بۆ ڕەوشتی ئاینی و خواپەرستی. جا ئەم پیاوە بەهۆی (حاجی عەباس ئاغا)ی کوڕی سەلیم ئاغای سەرۆکی عیلی پشتدەرەوە توانیویە ئەم نامیلکە دەستنووسەی لای مەلا سەمەدی مەرگەیی بەدەست بێنێ کە گوایە ڕوونووسەکە بەشێکە لە کتێبێکی چاپ نەکراوی بەرگی سێیەمی (فتوح الشام) و هەر لەسەر شێوەی ئەو هێنراوەتە دی. ئەمەش دوور نییە، زۆرجار مێژووی وڵاتێ ئەکەوێتە وڵاتێکی تری. جا من کە ناوم (عبدالعزیز واعظی)یە و کوڕی محەمەدم و لە سەردەشت دائەنیشم ئا ئێستەکە ساڵی (١٣٦٥خ – ١٣٨٦ك) ە و لە تەمەنی ٨٦ ساڵیدام لەبەر خاتری کاك حەمە ڕەئووف تەوەکولیی بانەیی، ئەم نامیلکەی (فتوحات سواد العراق)ە لە عەرەبییەوە ئەگۆڕم بە فارسی هەر وەك چواردە ساڵ لەمەوبەر لە ماوەی یەك ساڵدا هەردوو بەرگەکەی (فتوح الشام)ی واقدیم[٤] گۆڕیوە بە فارسی و داومەتە دەستی دۆستێ بەڵکو لە هەلێکا چاپی بکات. جا (فتوح سواد عراق) پاش فەتحی شام ساڵی ٢٥ك[٥] ڕووی داوە ئەویش بەپێی فەرمانی پۆستنشینی دووەم (عومەر

(٤) واقدی (١٣٠–٢٠٧ك) محەمەد کوڕی عومەر لە بنەڕەتا خەڵکی (مدینة)یە لە شیعەیە، بیروباوەڕی وەهایە کە ئیمامی عەلی (خ.خ) یەکێکە لە (معجزە)کانی محەمەد (د.خ) وەکو عەساکەی موسا و تیمارگەرییەکەی عیسا (د.خ). ئەم پیاوە دەربارەی شەڕ و شۆڕی ئیسلام زۆر کتێبی داناوە، پاش مردنی ٦٠٠ کتێبخانەی (؟) لێ بەجێ ماوە، ئیبن نەدیم چونکە خۆی شیعە بووە، هەڵی ناوە، بەلام ئیبن حەجەر بە درۆزنی داوەتە قەڵەم. هاتووەتە بەغدا هاروونە ڕەشید کردوویە بە (قازی).

(٥) واعزی (٢٥ کۆچی)یی نووسیوە مەلا ڕەئووف و مەلا محەڕەم هەردووکیان ٢٠ی کۆچییان نووسیوە. ئێمە بنەڕەتە عەرەبییەکەمان نەدیوە، ڕەنگە نووسینەکەی واعزی ڕاست بێت، چونکە واقدی شیعە بووە مێژووی ئیسلامی لە (بعثت)ەوە نەك لە (هجرت)ەوە داوەتە قەڵەم، بەلام شام ١٥ ڕەجەب ساڵی ١٤ك داگیر کراوە ١٣ مانگ پاش مردنی ئەبو بەکر و هاتنی عومەر بۆ سەر کورسیی خەلافەت. دەبوایە مەلای واعزی لەسەر ئەم باسە پەراوێزێکی بنووسیایە.

کوڕی خەتاب)[٦] (ئەبۆ عوبەیدەی جەراح)ی[٧] فەرماندەی سپای شامی نووسیوە کە شەش هەزار کەس بۆ شەڕ تەرخان بکرێ، چوار هەزار کەس بخرێتە ژێر فەرماندەی (خالید کوڕی وەلید)[٨] دوو هەزار

(٦) عومەر کوڕی خەتاب دووەمین پۆستنشینە (خەلیفە). یەکێکە لە گەورە پیاوان و ئازایانی یارانی پێغەمبەر. ساڵی ١٣ك پاش مەرگی ئەبو بەکر بووە بە خەلیفە، لە سەردەمی ئەوا هەموو وڵاتی شام بە تەواوەتی لە رۆم داگیر کرا، عیراق لە ساسانی داگیر کرا، کوردستان و بەشی زۆری ئێران و میسریش هەر لە سەردەمی خەلافەتی ئەوا داگیر کران. ساڵی (٢٣ك) فەیروزی نەهاوەندی (ئەبو لوئلوئە) هەڵی کووتایە سەری بە شمشێر لێی دا بریندار کرد، چون شمشێرەکەی ژاراوی بوو، چاك نەبووەوە، بەو برینە مرد.

(٧) ئەبو عوبەیدە عامر کوڕی عەبدوڵڵا جەڕاح (لە تەمەنی ٢٧ ساڵیدا موسوڵمان بووە، لە شەڕی بەدردا هاوبەش بووە، کە پێغەمبەر (د.خ) بریندار کراوە و دوو گرێی زرێکەی چووە بە زگیا ئەبو عوبەیدە زرێکەی بەددان ڕاکێشاوە و دوو ددانی پێشووی شکاوە، پاشان کە عەمری کوڕی عاس – لە سەردەمی پێغەمبەرا لە دەوروبەری شام تەنگەتاو کراوە، پێغەمبەر خۆی ئەبو عوبەیدەی ناردووەتە فریای، کە ئەبو بەکر بووە بە پۆستنشین، ئەبو عوبەیدەی کردووە بە سەرداری لەشکرەکەی شام. ساڵی ١٨ك لە (عەمواس شام) بەدرمی پەتا (طاعون) مردووە، نەگەییوەتە کوردستان. ئەوەی لە کوردستانا قاوە کە گوندی (عەبابەیلێ) بەناوی ئەوەوەیە، درۆیە.

(٨) خالید کوڕی وەلید ساڵی حەوتەمی کۆچی موسوڵمان بووە، لەوەبەر یەکێ بوو لە فەرماندەیانی قورەیش کە دژی پێغەمبەر جەنگیوە لە شەڕی ئوحوددا. ساڵی ٨ك لە شەڕی موئتەدا ئازایێتیی نواند. لەبەر ئەو پێغەمبەر ناوی ناوە (شمشێری هەڵکێشراوی خوا (سيف اللّه المسلول). لە شەڕەکانی داگیرکردنی (مەکە) و حونەین و تائفدا هاوبەش بووە، ئەو بوتی (عوزا)ی لە (نەخلە) ڕۆخاند ساڵی ١٠ك. پێغەمبەر ناردوویە بۆ (نەجران). پاش مەرگی محەمەد (د.خ) ئینجا خەلیفەی یەکەم ئەبو بەکر ناردوویە بۆ شەڕ لەگەڵ ئەوانەی لە دین هەڵگەڕاونەوە (اهل ردة)، ساڵی ١٢ك ناردوویە بۆ داگیرکردنی عیراق، سەرەتا حیرەی پایتەختی نەعمانی منازیرەی داگیر کردووە، کە لە سەردارانی عەرەبی ژێر دەستی ساسانی بوو پاش حیرە شثاثە =

کەسیش ژێر فەرماندەی (قەعقاع کوڕی عەمر)[٩]. ئینجا خالید لە موسڵەوە هاتووە بەرەو (میرزا ڕۆستەم) هەولێر و[١٠] لەوێوە بەرەو

= (عەین تەمر)ی داگیر کردووە. ساڵی ١٣ك ئەبو بەکر ناردوویە بۆ فریای (ئەبو عوبەیدە لە شام). خالد کە بووە بە سەرداری لەشکری ئیسلام (زەرار کوڕی ئەزوەری) ناردووە بۆ سەر مالك کوڕی نوەیرە و لە شەڕا کوشتوویە، خالد ژنە جوانەکەی مارە کردووە. ساڵی ١٤ ك کە عومەری کوڕی خەتاب بووە بە پۆستنشین لەسەر ئەو کارە ناشیرینە، خالدی لە سەرداریی لەشەکر لاداوە. خالید هەر لە شام ماوەتەوە ساڵی ٢١ك لە حومس مردووە. پاش خۆی سلیمانی کوڕی و هەموو بنەماڵەکەی کە نزیکەی ٨٠ کەس بوون هەموویان بەپەتا (طاعون) مردوون. هەرکەس بە نەژاد خۆی ببەستی بە خالد کوڕی وەلیدەوە درۆ ئەکات، ئەوانە لە خالدییە کوردەکانی کۆنن (اسد الغابة ٢/١٠٤–نهاية الارب ٢/٣٥٦) الاصابة فی معرفة الصحابە) ٣/٤٢٥.

(٩) قەعقاق کوڕی عەمر ساڵی ١١ك بەفەرمانی ئەبو بەکر (خ.خ) چووەتە سەر هەوازن و بەنی عەمر کە لە ئاین هەڵگەڕابوونەوە، ساڵی ١٢ك ناردویە بۆ پشتیوانیی خالد لە عیراق. جا لەگەڵ دوو سەرداری لەشکری ساسانی (زەر میهرو – روزپەهـ) کەوتووەتە شەڕ و هەردووکی کوشتووە. ساڵی ١٣ك کە خالد کوڕی وەلید مەیدانی شەڕی بۆ ئەوبەجێ هێشتووە و چووە بۆ حەج. خەلیفە لە دڵەوە لە خەڵك تووڕە بووە، لەسەر ئەوە ئەوی گوێزاوەتەوە بۆ شام و قەعقاع و (مثنا) ماونەوە. لە ساڵانی ١٥–١٦ك قەعقاع یەکێ بووە لە فەرماندەیانی سەر بە سەعد کوڕی وەقاس، لە شەڕی ئیسلام و ساسانیدا ناوبانگی بەرزەوە بووە. پاش هەڵاتنی (یەزد گورد) و داگیرکرانی مەدائنی پایتەخت و شارەکانی دەوروبەری، قەعقاع بەسپای ئیسلامەوە پێش کەوتووە بەرەو نارەوەن و دەستگورد و شارەبان و خانەقین و جەلەولا. لە دواییيا قەعقاع بوو بە هاوپەیمانی خەلیفەی چوارەم (عەلی کوڕی ئەبو تالب)، ساڵی ٤٠ك مرد.

(١٠) هەولێر یەکێکە لە شارە هەرە کۆنەکانی کودەواری کەوتووەتە نێوان دوو زێی بچووك و گەورە. لای باکوری چیاکانی زاگرۆسی کوردستانە، لای باشووری ریزە چیای حیمرینە کە لەوێ بە قەرەچوغ بەناوبانگە (ئەم ناوی قەرەچوغە تورکییە لە دەورانی سەلجوقییەوە پەیدا بووە). بەشێکی شاری هەولێر کە بەسەر قەڵاکەوەیە زۆر کۆنە، قەڵاکە توورەکەڕێژە، لە سەردەمێکی زۆر کۆنا بە زیندانی و سپایی داڕێژراوە. کە ئاشووری وڵاتەکەی داگیر کردووە، ناوە کۆنەکە لە بیر براوەتەوە. ئاشورییەکان =

(هەرموتە)[١١] و لەوێوە بەرەو میرزا رۆستەم[١٢] و لەوێوە بەرەو مەرگە[١٣] و پشتدەر [١٤] و هەرێمی سویسنی و شوربە و ڕەربەت[١٥،١٦،١٧] ئنجا چوون بەرەو سابلاغ[١٨] و لەوێوە بۆ ئورمیە و هەروا بۆ بانە[١٩] و هەموو ولاتی ئازەربایجان[٢٠] کە بە ئاشتی و رێککەوتن خراونە ژێر دەستی موسوڵمانان.

= کە بەسەر (گوتو، لولو، کاسا)کانا زاڵ بوون خواکانی ئەوانیان لە (بوغاستان) و (بیهستون)ی کرماژانەوە گواستووەتەوە هەولێر. کوردەکان ناوی شارەکەیان ناوە (هورا لیرە)، ئاشورییەکان ناویان ناوە (ئاریا ئیللا) (چوار خوا)، پاش ڕووخانی ئاشوری کەوتووەتەوە ژێر دەستی (ماد)، سەردەمێ لەلایەن سەردارێکی مادیی (سوورەن) ناوەوە هەرێمەکە بەرێوە براوە و تا ئەمرۆ ناوی (سۆران) ماوە. ئنجا کەوتووەتە دەس هاخامەنشییەکان، پاش شەڕی دارا و ئەسکەندەر، کەوتووەتە ژێر فەرمانی مەکدۆنی، سلوکی، ئەشکانی (پەرث)، ساسانی، ئینجا ئیسلام داگیری کردووە بە فەرماندەییی عوتبە کوڕی فەرقەد، خالد کوری وەلید نەگەییوەتە ولاتی هەولێر.

(١١) هەرموتە گوندێکە لە نێوانی هەولێر و کۆیەدا ١٥کم لە کۆیەوە دوورە.

(١٢) میرزا روستەم گوندێ بوو نزیك بە پەنگاوی دوکان، سەربە ئوستانی سلێمانی.

(١٣) مەرگە ناوچەیێکی بەناوبانگە عێلی مەرگەی تیا نیشتەجێیە.

(١٤) پشتدەر هەرەمێکی چیاییی بەناوبانگە عێلی پژدەری تیایە.

(١٥، ١٦، ١٧) ئەم سێ گوندە هەر ناویان ماوە خۆیان بەر وێرانی کەوتوون.

(١٨) سابلاغ ئەم ناوە تورکییە لە سەردەمی قزلباشەکانا پەیدا بووە، لەوەبەر ناوی (دەرباس) بووە. بۆ مێژووی سابلاخ سەرنجی کتێبی (فەرمانڕەواییی موکریان بدەن کە من نووسیومە).

(١٩) بانە یەکێکە لە شارۆلکەکانی کوردستانی ئێران هاوسنووری کوردستانی عێراق، خەڵقەکەی کوردی نیشتمانپەروەرن. حەمە رەئووفی تەوەکولی دەربارەی بانە کتێبێکی نووسیوە ناوی ناوە (تصوف در کوردستان) وا دیارە نەیوێراوە بنووسێ (تاریخ بانە).

(٢٠) ئازەربایجان ولاتێکی پان و پۆڕە، حوسەین حوزنیی بەهەشتی کتێبێکی دەربارەی نووسیوە بەناوی (ئاترۆپاتین). پاش شالاوەکانی غوز و سەلجووقی عێڵەکانی ئەفشار و بەیات و قەرەپاپاخ و قزڵباش و دەیان تیرە و عێڵ و خێڵی تورکمان سەدەها =

پاشان خالید بەسەر (سیماقوڵی)دا[٢١] گەڕاوەتەوە و لەو دۆڵەدا، کە ئەمڕۆ پێی ئەڵێن دۆڵی ئەسحابان سەت و پەنجا کەس لە هێزی موسوڵمانان ئەکوژێ، خالید درێژە بەشەڕ ئەدا، ئینجا دەوام بە ڕەوی خۆی ئەدا بەرەو موسڵ و[٢٢] لەوێوە چوون بەرەو حومس. ئەوەبوو پاشان هەر لەوێ مرد[٢٣]. جا من ئەرکی وەرگێڕانی ئەم سیپارەیەم بو فارسیم گرتە گەردنی خۆم بەو هیوایە ڕۆژێ زووتر بخرێتە ژێر چاپەوە کە خەلق بزانن کوردەکان لە پێش دەوری موسوڵمانەتیشا چەندە دلێر و ئازا بوون و تا چ ڕادەیێ هەستی نەتەوە پەرستی و نیشتمان دۆستییان هەبووە.

سەردەشت ١٠/٦/١٣٤٥خ /١٣٨٦ك

وەرگێڕانی بۆ فارسی: عەبدولعەزیزی واعیزی

---

= ساڵە لەوێ جێگیر بوون، چونکە دەسەڵات بەدەس دەوڵەتە تورکمانەکانەوە بوو، کوردەکان زۆرتر لە دەرەوەی شارەکانا ماونەوە. ئەمڕۆ بووە بە دوو ئوستان، ئازەربایجانی شەرقی، ناوەندەکەی شاری تەورێزە، ئازەربایجانی غەربی ناوەندەکەی ئورمیەیە کە رەزاشا ناوی گۆڕی بوو بە (رەضائیە). مەهاباد و بۆکان و سەقز و سەردەشت و بانە و پیران شەهر و خۆی هێشتا بەشی زۆریان کوردن. ئەودوای ئازەربایجان بە ئازەربایجانی باکوریشەوە بەشی زۆری خەڵکەکە بوون بە تورك. لەم هەرێمی ئازەربایجانەدا دەوڵەتەکانی شەدادی و ڕوادی و دونبولی و فەرمانڕەوییی موکریان و کۆماری مەهاباد دامەزرا.

(٢١) سیماقوڵی ئەم ناوە تورکییە پاشماوەی تورکمانەکانی قەرەقوینلو و ئاق قوینلووە لە سەدەکانی بەراییی ئیسلاما نەبووە.

(٢٢) موسل سێیەمین شاری گەورەی کوردستانی عیراقە، دانیشتوانی شار عەرەب و کورد و تورکمان و ئاسورین، دەورووپشتی شار جگە لە (شرقاط) و تەللەعفەر کە شەممەر و جبوور و جحێش و تورکمانیان تیایە، هەموو هەرێمەکە کوردن، ئاینی یەزیدی و مەسیحی و موسوڵمانەتیی تیایە، لە سەدەکانی سێیەم و چوارەمی هیجریدا عێڵەکانی حەمیدی و هەزەبانیی کورد سەرداری هەرێمەکە بوون تا سەدەی شەشەم کە عیمادەدینی زەنگی وڵاتەکەی تێك و پەکان دا. خالید کوڕی وەلید نەگەییووەتە ئەم هەرێمە، ئێرەش وەکو کوردستان لەلایەن (عوتبەوە) داگیر کراوە.

(٢٣) سەرنجی پەراوێزی ژمارە (٨) بدەن.

## فتوح سواد العراق

به ناوی خوای میهرەبان و بەخشندە

ستایشی بێ پایان و لە ڕادەبەدەر بۆ ئێزەدی پاکیزە و درووودی زۆر و زەبەندە بۆ پێغەمبەری مەزن و یارانی (د.خ)...(١)

هەواڵدەران و قسە گێڕەوان، کە ڕاستاڵانە دەنگوباسی وڵاتگیریی لەشکری ئیسلامیان گەیاندووەتە ئێمە و چ لە زمانی پێشینانیان بیستووە کە لە یارانی پێغەمبەر بوون، یا لە پەیڕەوان (صحب و تابعین) (خ.خ)، هەروا ئەوانەی سەرگوزەشتە و مێژووی ئەو حەلانەیان نووسیوە وەکو (واقدی) و(٢) محەمەد کوڕی ئیسحاق(٣) وتوویانە: کە لەشکری ئیسلام بەرە و خۆرهەڵات و خۆرئاوا کەوتنە جمین و جووڵە، شیر و تیر و گورز و ڕمی خۆیانیان ساو دا بۆ گیانی دوژمن و خاك و خۆڵی وڵاتانیان لە خوێنا سوور کرد، ئەوی سەری شۆڕ کردبێ و موسوڵمان بووبێ، یا بەڵێنی سەرانەدانی دابێ، خۆی لە مەرگ ڕزگار کردووە، وەگەر نە ئەوی سەرچڵیی کردبێ یا دژی ئیسلام وەستابێ ئەوا سەروسامان و

(١) لە هەرجێیێ چەند نیتك (نقطة) و خاڵی بەو جۆرە دانرابوو نیشانەی ئەوەیە کە هەندێ هەڵنان و قسەی درۆی پڕوپووچ فڕێ دراوە ئێمە مەبەستمان تەنها لێکۆڵینەوەی باسە مێژووییەکان و ناوەکانە، کە ڕاستیان بکەینەوە.

(٢) واقدی لەمەوبەر سەرگوزەشتیمان نووسی.

(٣) محەمەدی کوڕی ئیسحاق، گەنجێکی زۆر جوان بوو، لەسەر مێبازی و کاری خراپ بەفەرمانی سەرداری مەدینە سەری تاشرا و چەند قەمچیی لێ درا، لە کتێبی (السیر)دا زۆر هەڵبەستی ناشیرینی شاعیرانی تۆمار کردووە، جوو و گاوری وەك ئیسلام ڕێز لێ ناوە(؟) زۆر فەرمایشتی درۆکانی خستووەتە کتێبەکانیەوە، زۆر کتێبی مێژوویی داناوە، بەناوبانگیان (الخلفاء) و (السیر)ە، ساڵی ١٥٠ك مردووە (فیهرست ئیبن ندیم). بەڵام چونکە ئیبن نەدیم خۆی شیعە بووە ستایشی واقدیی زۆر کردووە بەڵام ئیبن ئیسحاقی داشۆریوە، ئەوەی ڕاستی بێت (ابن حەجەر) هەردوکیان بە درۆزن ئەداتە قەڵەم، کە هەواڵەکانیان جێی باوەڕ نییە.

دارایی و نامووسی بەر تالآن و (ئەنفال) کەوتووە.

واقدی بێ زیاد و کەم هەواڵەکانی لە زمانی ئەو زاتانەوە گێڕاوەتەوە کە خۆیان لە شەڕ و هەراکانا بوون وەکو (خیالد بن وەلید)(٤) و میقداد کوڕی ئەسوەد(٥) و عەبدوڕحمان کوڕی ئەبوبەکر(٦) و عەبدوڵلا کوڕی عومەر(٧) و زەرار کوڕی ئەزوەر(٨).

---

(٤) خالد کوڕی وەلید، سەرگوزەشتی لەمەوبەر نووسراوە.

(٥) میقداد کوڕی ئەسوەد ناوی باوکی عەمر کوڕی سەعلەبە (لە ماڵی ئەسوەد گەورە بووە) پێغەمبەر خۆشی ویستووە، کچێکی ئامۆزای خۆیی داوەتێ لە شەڕی بەدردا هاوبەش بووە، گوایە زگن و قەڵەو بووە نۆکەرەکەی پێی وتووە، زگت هەڵئەدڕم و پیوەکەی ناوی دەرئەکەم بەوە رازی بووە کابرا زگی هەڵدڕیوە و مردووە (وا دیارە هەواڵەکە درۆیە)، چونکە لە سەردەمی خەلیفە سێیەم عوسمانا (خ.خ) لە شەڕی میسردا هاوبەش بووە و لەوێ مردووە و هێنراوەتەوە مەدینە. خەلیفە نوێژی لەسەر کردووە (٣٣ك). ئەو گۆڕەی لە شارەبانە هی کابرایێکی (شێخ میقداد) ناوە، ئەو نەهاتووە بەرەو کوردستان.

(٦) عەبدرەحمان کوڕی ئەبو بەکر (خ.خ) لە شەڕەکانی بەدر و ئوحودا بووە، لەگەڵ خالد لە شەڕی یەمامەدا هاوبەش بووە، لە شەڕی (جەمەلا)دا پشتیوانی عائیشەی خوشکی بووە دژی ئیمامی عەلی، پاشان موعاویە داوای لێ کردووە کە ڕا بدات بۆ (یەزید)، ئەم کارەی نەکردووە، ساڵی ٥٣ك یا ٥٥ لە مەکە مردووە. نەگەییوەتە کوردستان درۆیە.

(٧) عەبدوڵلا کوڕی عومەر ساڵی سێی پاش (بعثت) لەگەڵ باوکی کۆچی کردووەتە مەدینە لە هەندێ شەڕی دژی قورەیشا تێکەڵ بووە. پیاوێکی چاك و لە خوا ترس بووە، دژی ناڕێکی و شەڕی نێوان عەلی و عائیشە بوو، ساڵی ٨٣ك یا ٨٤ك لە مەکە مردووە، ئەوەی کە گوایە هاتووەتە کوردستان و گۆڕی لە قەرەچوغە و ئەوە کە بە عەبدوڵلای عارەبی بەناوبانگە هەموو درۆیە.

(٨) زەرار کوڕی ئەزوەر، سوارچاك و ئازا بووە لە شەڕەکانی یەرمووك و داگیرکردنی شامدا لەگەڵ خالید بووە، ناردوویە بۆ شەڕ لەگەڵ بەنی ئەسەد لەوێ ژنێکی جوانی داگیر کردووە، خالید بە ئاشتی بۆی مارە کردووە، ئەوەی کە قاوە گویا هاتووەتە کوردستان و لەوێ مردووە درۆیە کوردستانی نەدیوە. خالید لە شام ناردوویە بۆ شەڕ لەگەڵ =

جا قسەگێڕەوە (واقدی) وتوویە ئەبو عوبەیدەی جەڕاحی سەرداری سپای ئیسلام پاش داگیرکردنی وڵاتی شام ڕاوێژی لەگەڵ فەرماندەکانی هاوڕێی کردووە، وتوویە: پاش سەرکەوتن ڕوو بکەینە کوێ؟ چ وڵاتێ؟ ئەوان لە وەڵاما وتوویانە باش وایە پرس بە خودی پۆستنشین (واتا عومەری کوڕی خەتاب) بکەین، ئەبو عوبەیدە نامەی بۆ خەلیفە نووسیوە: ئایا لەشکری ئیسلام بەرە و حیجاز بگەڕێتەوە؟ یا ڕوو بکاتە عێلات و خێڵەکانی کوردی ناو چیا؟ نامەکەی داوەتە دەست عەبدوڵڵا کوڕی ئەنەس جوهەنی[٩] و ناردوویە بۆ مەدینە. عەبدوڵڵا چووە و نامەکەی گەیاندووەتە دەست عومەر، لەو کاتەدا عەلی کوڕی ئەبو تالیب[١٠] و عوسمان کوڕی عەفان[١١] و کۆمەڵێ لە یارانی پێغەمبەر(د.خ) لەوێ بوون وەکو عەباس کوڕی عەبدولموتەلیب[١٢] و

---

= مالك کوڕی نویرە کوشتوویە و خالد ژنە جوانەکەی خواستووە زەڕار کابراییێکی شەرابخۆر و مێباز بووە و لە شەڕی یەمامەدا کوژراوە.

(٩) عەبدوڵڵا کوڕی ئونەیسی جوهەنی لە شەڕی ئحوددا هاوبەش بووە. لە شکاندن و ڕووخانی بوتەکانی (بەنی سەلمە)دا هاوبەش بووە ساڵی ٥٤ك، لە سەردەمی معاویەدا لە شام یا لە مەدینە مردووە، کوردستانی نەدیوە درۆیە.

(١٠) عەلی کوڕی ئەبو تالیب ئامۆزای پێغەمبەرە، خەلیفەی چوارەمە مێردی فاتیمەیە، ساڵی ٣٥ك دوای کوژرانی عوسمان بووە بە پۆستنشین، واقدی ئەوی لە عوسمان پێش خستووە لە ماوەی خەلیفەیەتیدا، هەر لە شەدا بووە جارێ دژی عائشە، جارێ دژی معاویە جارێ دژی خەوارج، ساڵی ٤٠ك لەناو مزگەوتی کوفەدا (عبدالرحمان کوڕی ملجم) دایە بەر شمشێر بەو برینە مرد.

(١١) عوسمان کوڕی عەفان زاوای پێغەمبەر بوو. زۆر دەوڵەمەند بوو ساڵی ٢٣ك پاش کوژرانی عومەر بوو بە پۆستنشین، لە سەردەمی ئەوا قەفقاس و ئەندەلووس گیرا. ساڵی ٣٥ك کۆمەڵێ لە یاران هەڵیان کوتایە سەری لەناو ماڵەکەی خۆیا کوشتیان.

(١٢) عەباس کوڕی عەبدولموتەلیب مامی پێغەمبەر بوو ١١ ساڵ لە پێغەمبەر پێشتر لە دایك بووبوو. سەرپەرشتی ئاو و ئاوەدانکردنەوەی کەعبەی بەدەس بوو، بەر لەوەی پێغەمبەر کۆچ بکات بۆ مەدینە بەدزییەوە موسوڵمان بوو، چونکە یەکێك لە زۆر دەوڵەمەندەکانی قورەیش بوو دەترسا. بەڵام هەمیشە هەواڵی مەکەی بۆ محەمەد=

عەبدورەحمان کوڕی عەوف[١٣] و سەعید کوڕی زەید[١٤] (تەڵحە کوڕی عەبدوڵا[١٥]) و خەڵکی تر. خەلیفە نامەکەیان بۆ دەخوێنێتەوە، موژدەی سەرکەوتنیان ئەداتێ و ڕاوێژیان لەگەڵ دەکات. هەموویان بڕیار ئەدەن کە بۆ ئەبو عوبەیدە بنووسێ: بە سپاوە ڕوو بکاتە خۆرهەڵات بۆ شەڕ لەگەڵ کوردەکان. جا عومەر نامەی نووسی و پیرۆزباییی لێ کرد و فەرمانی دایێ: کە لەسەر نەبەردیی ئیسلام بەردەوام بێ، چوار هەزار سوار بخاتە ژێر فەرماندەی خالد و دەستەیێ لەم سەرانەی ئیسلامی لەگەڵ بنێرێ: زوبەیر کوڕی عەهوان[١٦]، فەزل کوڕی عەباس[١٧] و میقداد کوڕی ئەسوەد و عەبدورەحمان کوڕی ئەبو بەکر،

---

= دەنارد. پاشان باری کردە مەدینە لە شەڕی حونەیندا هاوبەشیی کرد. کە پێغەمبەر مەکەی داگیر کرد ئەبو سفیانی هەواڵی خۆی هێنا بۆ لای محەمەد و نەقیزە و قورونجکی لێ گرت تا باوەڕی هێنا. ئەو باوەڕی وەها بوو محەمەد بووەتە پادشاە نەك پێغەمبەر، عەباس ساڵی ٣٢ لە مەکە مرد، کوردستانی نەدیوە.

(١٣) عەبدورەحمان کوڕی عەوف (١٤) ساڵ بەر لە کۆچ لە دایك بووە، هەشتەمین کەسە کە موسوڵمان بووە. لە شەڕەکانی بەدر و ئوحوددا هاوبەش بووە. ساڵی ٣٢ك مردووە، کوردستانی نەدیوە.

(١٤) سەعید کوڕی زەید ئامۆزای ئیمامی عومەر (خ.خ) و زاوای بووە، بە دزییەوە لە مەکە موسوڵمان بووە خۆی و خانمی، عومەر کە بیستی چوو بۆ کوشتنی پەلاماری دا، خوشکەکەی کردیە هاوار، عومەر لێی هەڵگەڕایەوە لێی دا و سەری شکاند. پاشان عومەر پەشیمانەوە بوو، دڵی خوشکەکەی دایەوە و داوای جزمە قورئانەکەی کرد و لەسەر دەسی ئەوان موسوڵمان بوو، چوو بۆ لای پێغەمبەر. ئەم سەعیدە ساڵی ٥١ك لە مەدینە مردووە، کوردستانی نەدیوە.

(١٥) تەڵحە کوڕی عەبدوڵڵا لە تەمەنی ٢٣ ساڵیدا موسوڵمان بووە و لە تەمەنی ٦٣ ساڵیدا لە شەڕی (جمل)دا کوژرا کە دژی عەلی هەڵگیرسابوو. گۆڕی لە بەسرەیە و لە شەڕی کوردستانا نەبووە .

(١٦) زوبەیر کوڕی عەوام لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا موسوڵمان بووە، لە تەمەنی ٦٤ ساڵیدا لە شەڕی (جمل)دا کوژرا. گۆڕی لە شاری بەسرەیە و زوبەید کوردستانی نەدیوە درۆیە.

(١٧) فەزڵ کوڕی عەباس ئامۆزای پێغەمبەر بوو، ئەو ژنی بۆ خواست و مارەیی بۆ دا لە (حجة الوداع) لەگەڵی بوو. لە شام لە شەڕی ئەجنادین کوژرا، کوردستانی نەدیوە.

عەبدوڵڵا كوڕی عومەر، زەڕاری كوڕی ئەزوەر بكەونە ڕێ بەرەو شار و دێهات و چیا و دژەكان. ئەوەشی نووسی: بیستوومە كوردەكان سێ پادشایان هەیە، ناویان فەروخ خان(١٨) و مالك هەشتەر(١٩) و دانی كورە(٢٠). داوایان لێ بكەن: یا پەیڕەویی ئاینی ئیسلام بكەن، وە یاخود سەرانە بدەن. ئەگەر ئەم مەرجەیان پەسەند نەكرد ئینجا شەڕیان لەگەڵ بكەن. جگە لەوەش زانیومە: لە مەرجین پەترەكێ هەیە ئەویش هەر ناوی فەروخ خانە(٢١) ستەمكار و سەركێشە، لەسەر چیاییكی بەرز دژێكی زۆر قایم و سەختی هەیە. عەبدوڵڵا ئەنەس كە وەرامی نامەكەی لە پۆستنشین عومەر (خ.خ) وەرگرت، گەڕایەوە بۆ لای خالد و ئەبو عوبەیدە، پاش چەند ڕۆژێ ڕێ بڕین

(١٨) فەروخ خان، بەم ناوە لە دەورانی ساسانیدا سێ كەس هەبووە، فەروخان فەرماندە ساڵی ١٥ك لە سورات بابل كوژرا، فەروخان ئەهوازی ساڵی ١٤ لە شەڕی قادسیەدا كوژرا، فەروخانی برای شەهر بەرازی فەرماندەی پەروێزی شای ئێران، ئەمانە هیچیان لە كوردستان نەكوژراون، فەڕوخانی خارجی دژی (حەجاج) لە كوردستانەوە هەڵاتووە بۆ ئێران (هەرێمی گەیلان).

(١٩) مالیك كوڕی ئەژدەر (هەشتەر، ئەشتەر) هەر كامێكیان ڕاست بێ، تەنیا (ئەژدەر)ەكە كوردییە، مامۆستا مەسعوود نووسیویە: حاكمی (دوگومان) (دوقومان) بووە كە دیوی پژدەری بەشی مەندەمەرایتی بووە. بێ گومان ئەم قسەی مامۆستا قسەی مێژوو و كتێب نییە، قسەی كتێبەكەی مەلا سەمەد و پیرە ژنانە، من لام وایە هەر ناوی مالك كوڕی ئەشتەری كوفەییە كە دژی بەنی ئومەیە بۆ خوێنی حوسەین شۆڕشی كرد، زیارەتگاكانی كوردستان چ لە نزیكی سیوەیلی سلیمانی چ لە پژدەر هی دەورانی (ئاق قوینلو، قەرەقوینلو، قزڵباش)، ناوی (دوقمان) هەر (طوقما)یە و توركییە لە سورداش بووە بە توكما...

(٢٠) دانی كۆر ناوێكی وەهامان لە فەرهەنگەكانا نەدۆزییەوە، مامۆستا مەسعوود بەپێی كتێبەكەی مەلا سەمەد و قسەی پیرەژنانی وڵات ئەڵێ حاكمی زۆربەی وڵاتی پژدەر بووە. پایتەختی نزیك بە گوندی ئێستەی نوردین بووە. لەو ناوە قەڵای (دنگە) هەیە، ئەمیش بێ سەرچاوەی مێژووییە، بەڵام من قەڵای (دنگە) بە یادگاری دایكی پەروێزی ساسانی دەزانم.

(٢١) دوور نییە كیادشا و پەترەك هەردوو هەر یەك بن.

گەیشتە شاری نەینەوا. لەو کاتەدا ئەبو عوبەیدە و خالید پێکەوە بوون وە دانیشتبوون، عەبدوڵڵا نامەکەی دایە دەس ئەبو عوبەیدە، ئەو پاش خوێندنەوەی نامەکە قشی کرد لە سپای ئیسلام بۆ کۆبوونەوە و بەدەنگی بەرز نامەی خەلیفەی بۆ خوێندنەوە و ڕای گەیاند کە خالید بە چوار هەزار سوارەوە ڕوو بکاتە کوردستان. جا ڕۆژیٚ ٢٠ جومادای یەکەمساڵی (٢٥)[٢٢] ئەم هێزە لە نەینەواوە ڕووی کردە کوردستان، لەبەرا گەیشتە شاری هەولێر، لەویٚ سپابەزیان کرد، پادشای هەولێر قەشەییٚ بوو ناوی (جاتلیس؟)[٢٣] بوو سەر بەڕۆمی قوستەنتینیە بوو، سەری بۆ ئیسلام دانەهێنا و جاڕی شەڕی دا. جەنگ چەند ڕۆژ دەوامی کرد، لە هەلێکا (زەرار کوڕی ئەزوەر) هەلی کوتایە سەر جاتلیس و کوشتی. سپای هەولێر شکا و هەڵاتن بەرەو چیاکان. سەرئەنجام دەرکەوت لە موسوڵمانان ٩٠٠ کەس شەهید (؟) بوون و لە کوردانی کافر (؟). ١٠٠٠ کـــەس و هەزاریشیان لیٚ بەدیل گیرا. پـــاش ئەوە خەڵکی هەولێر بە هەڵەداوان ڕوویان کردە لای خالید و ئیسلامیان پەسەند کرد و خالید چـووە ناو شارەوە، سامان و دارایی و تاڵانی (انفال)ی بەسەر سپاکەیا دابەش کرد، ئینجا خالد عەبدوڵڵا کوڕی جندلی[٢٤] نارد بۆ هەرموتە[٢٥]، خەڵکی

---

(٢٢) واعزی کە خۆی عەرەبییەکەی لای مەلا سەمەدی وەرگرتووە، ساڵی ٢٥ك نووسیوە، کەچی محەڕەم کوڕی مەلا سەمەد و مەلا ڕەئووف کردوویانە بە ٢٠ك، وەك وتم واعزی راستترە چونکە واقدی شیعە بووە، مێژووی ئیسلامی بردووەتەوە بۆ (بعثت) نەوەکو (هـجرت)، چونکە لەم ساڵانەدا خالید لە کار دوور خرابوەوە و درۆیە نەگەییوەتە کوردستان.

(٢٣) ناوی وەها لە مێژووەکانا نییە دەبیٚ هەڵە بێت و مەبەست (جاثلین) بیٚ کە مێژوونووسە کۆنەکان لەباتی کاسۆلیك و قەشە و مەترانی کاسۆلیکیان بەکار هێناوە. بەڵام لەو سەردەمانەدا هەولێر لەژێر دەستی ساسانی و سەردارانی کوردی ناوخۆدا بووە، نەك لەژێر دەستی ڕۆما، وا دیارە نووسەری ئەم کتێبە ئایەتی (غلبت الروم)یشی لەبیر نەبووە.

(٢٤) عەبدوڵڵا کوڕی جەندەل، بەداخەوە ئەم ناوەمان نەدۆزییەوە نە لە (الاصابة، اسد الغابة، الاستیعاب) و فەرهەنگەکانا.

(٢٥) هەرموتە گوندێکە لە نێوانی هەولێر و کۆیەد. ١٥کم لە خوار کۆیەوەیە، دانیشتوانی کورد و مەسیحیی کوردن.

ولات چونکه هەواڵی شەڕ و کوشتاریان بیستبوو هەموو خۆیان ئامادە و پڕ چەك کردبوو. لەگەڵ ئەو هێزە کەوتنە شەڕ و عەبدوڵڵا کوژرا، کە خالید ئەم هەواڵەی پێ گەیی زۆر شڵەژا و فەرمانی دا بە سپا بجمێن بۆ شاڵاوکردنە سەر (هەرموتە) کە قەڵایێکی زۆر سەختی هەبوو. سپای ئیسلام کەوتە ڕێ کە گەیشتە (هەرموتە) دیتیان شوورەیێکی قایمی هەیە، هەزاران گاور و پاڵەوان بەدەوریا نەعرەتیان دێ. سپای ئیسلام بەزی کرد، خێوەتیان هەڵدا، عەبدوڕەحمان کوڕی ئەبو بەکر وتویە: ڕاهبێکی کڵاو سووری زوننار لە پشت، هات پرسی: کێیە سەردارتان؟ وتیان: ئەمیر خالید، چووە لای بە عەرەبی پێی وت: ئێمە بەهێزین، جەنگاوەرین سەر بۆ ئێوە شۆڕ ناکەین، ئەگەر موحتاجن با یارمەتیتان بدەین، بەو مەرجەی لێرە زوو بار بکەن، خالید وتی: دەبێ موسوڵمان بن یا سەرانە بدەن، وەگەر نا تا ئاخرین هەناسە شەڕتان لەگەڵ دەکەین. راهب سواری ئێسترەکەی بوو گەڕایەوە بۆ لای پادشای ولات کە ناوی (بطروس کوڕی کرباش) بوو(٢٦)، هەواڵی دایێ. سەرئەنجام شەڕ دەستی پێ کرد، هەرا گەرم بوو (بطروس) خۆی هاتە مەیدان و بەر شمشێری خالید کەوت و کوژرا، هەروا براکەشی کەوتە بەر شمشێری زەڕار و سەدان کورد سەریان لە خاکا گەوزایەوە، ٧٠٠ کەسیان بە دیلی گیران، شەڕەکە سێ شەو و سێ ڕۆژ دەوامی کرد، سپای ئیسلام سەرکەوت و پیرۆزیی بەدەست نەهێنا و شکستی خوارد، کابرایێ (کولاە کۆن) ناو(٢٧)، لە قەڵای (هەرموتە)وە هەڵات و جاڕی موسوڵمانەتیی خۆی دا و بردیانە لای خالید، وتی: ئێوە بەشەڕ سەرناکەون، سەردار سپایێکیان هەیە ناوی (جاروسە)(٢٨)یە لە هەموویان ئازاترە. بەڵام لە ژێر ئەو تەپۆڵکەیەدا کانی ئاوێ هەیە، ئاوەکەی بەژێرا دەچێتە ناو قەڵات ئەگەر

(٢٦) مامۆستا مەسعوود نووسیویە: لە دەسنووسەکەی لای مەلا سەمەدا، وەکو بێتە بیرم، دیتوومە ناوی دەسنووسەکە هەر لە بنەڕەتەوە درۆیە، رونووسەرەوەکانیش پتر دەسکارییان کردووە.

(٢٧) ئەگەر باسەکە راست بێ کابرایێکی وەها بوویێت، ئەوا دەبێ کولاە کون بە یەکەم جاشی کورد بدرێتە قەڵەم. بەڵام بە گومانی من ئەم باسی کانی و ژێر قەڵایە لە داستانەکەی (قەڵای دمدم)وە تێکەڵ بووە.

(٢٨) جاروسە، ناوێکی وەهامان دەس نەکەوت نە لە مێژووەکانا و نە لە فەرهەنگەکانا.

سەرچاوەکەی بدۆزنەوە و ئاویان لێ ببڕن ناچار دەبن خۆیان بدەنە دەس و سەر شۆڕ بکەن. خالید دەستووری دا زەلام چوون گردەکەیان هەڵدڕی و ئاوەکەیان دۆزییەوە[٢٩]. ئەم کارە بووە هۆی ئەوەی کوردەکان سەرلەبەیانی زوو قەڵاکە بەجێ بهێڵن و گەورەترین شاڵاو بکەنە سەر سپای ئیسلام. لەم شەڕەدا (١١) لە یارانی پێغەمبەر کوژران و (١٢٠) کەس لە کوردانی کافریش...؟ ئینجا سپای ئیسلام هەرموتەیان تالان کرد. خەڵکی (کۆجار)[٣٠] و دێهات و گوندەکانی دەوربەری بەپەلە ڕوویان کردە سپای ئیسلام، هەندێکیان ئیسلامیان پەسەند کرد، هەندێکیان بەڵێنی سەرانەیان دا. ئینجا سپای ئیسلام ڕووی کردە گوندی (ڕۆستەم)[٣١]، خەڵقەکە هاتنە پێشوازییان و سەرجەم سەریان بۆ ئیسلام دانەواند. لەبەر ئەوە خالید فەرمانی دا تەنها یەك شەو لەوێ بمێنێتەوە، بەڵام ئەو شەوە بەفرێکی زۆر باری، ناچار سپای ئیسلام یەك مانگی تەواو و سێ ڕۆژیش پتر لەوێ مانەوە. پاشان بڕیاریان دا لە زێی بچووك بپەڕنەوە، کە دەکەوتە لای ڕاستی ڕۆستەم. ئنجا خالد فەرمانی دا بە ئەبودوجانە[٣٢] بچێت بۆ لای (فەڕوخ خان)ی

---

(٢٩) وەك وتم ئەم داستانی کانی ئاوە هەر داستانەکەی قەڵای دمدم میری لەپ زێڕینە ماوەتەوە.

(٣٠) کوجار مەلا سەمەد کردوویە بە کۆیە، حەزی کردووە وەها نیشان بدات کە خەڵکی کۆیە خۆشباوەڕ بوون، یاخود زۆر ترسنۆك بوون وەك خەڵکی میرزا رۆستەم و دێهاتەکانی تری لە ترسا زوو خۆیان داوە بە دەستەوە.

(٣١) بەقسەی مەلا سەمەد مەبەست میرزا رۆستەمی ئەم دواییەیە.

(٣٢) ئەبودوجانە سماك کوڕی خەرشەی ئەنساری، پیاوێکی ئازا بوو لەو هێزەدا بوو کە پێغەمبەر ناردبووی بۆ لەناو بردنی پێغەمبەرە درۆزنە (مسلیمەی کذاب)، جا (وەحشی و ئەبو دوجانە) هەڵیان کوتایە سەری و کوشتیان، هەروا ئەبو دوجانە لە شەڕی ئوحوددا خۆی کردە سوپەری پێغەمبەر، هەر تیرێ بۆ محەمەد ئەهات ئەبو دوجانە پشتی ئەدایە بەری ، گوایە لە شەڕی دەیلەمیشا هاوبەش بووە، بەڵام (الکامل) نووسیویە: ئەو سەماك کوڕی خەرشەیە کە چووەتە شەڕی دەیلەم کابرایێکی ترە ئەبو دوجانە نەبووە، کابرایێکی تری هاوناوی بووە، کەوابێ ئەبو دوجانە نەگەییوەتە کوردستان. ئەو گۆڕەی لە ماوشانی قەزوین زیارەتگایە و گوایە =

پادشای (مەرجین)[٣٣]. ئەبو دوجانە، سوار بوو چوو بەڵام زۆر دوور نەکەوتبووەوە کە لە وڵاغەکەی کەوتە خوارەوە. زەرار کوڕی ئەزوەر چاوی لێ بوو، وتی: وا دیارە سەرما کەسەرەی کردووە، وشك بووەتەوە و کەوتووە. خالید فەرموی برۆ بزانە چ رووی داوە؟ زەڕار زۆر بەپەلە و بەغار چوو بە هانایا، سەرنجی دا خوێن بە لەشیا دێتە خوارەوە و هێشتا گیانی نەسپاردووە، پرسیاری لێ کرد: چ قەوماوە؟ لە وەراما وتی: کافرێك بە تیر ئەنگاوتمی، زەڕار کەوتە ملۆمووش و چاو گێڕان، دی کابرایێ هەڵدێ، بەغار کەوتە دووی تا گرتی و لێی پرسی: ئەو پیاوەت بۆ کوشت؟ کابرا لەبری وەرام ویستی تیرێك بگرێتە زەڕار، بەڵام زەڕار ماوەی نەدا و گرتی و هێنای بۆ لای خالید. کە دوانیان تەقەی سەری دەهات نەیانئەزانی چ دەڵێ ناردیان لە دێی ڕۆستەم کابراییێکی عەرەبی زانیان هێنا و قسەی لەگەڵ کرد وتی: ئەم کابرایە خزمی فەروخ خانە، هاتووە هەواڵی هێزی ئیسلام بزانێ کە ئەم سوارەی دیوە کوشتوویەتی، خالید بە کابرای وت: لێی بپرسە لەشکری فەروخ خان چەند ئەبێ؟ کابرا وتی: فەروخ شاە هەواڵی ناردووە بە وڵاتا کە لەشکری بۆ بنێرن بۆ بەرانگاریی دوژمن. هەروا نامەی نووسیوە بۆ مەلیك ئەژدەر و بۆ پادشای (شیدەرە)[٣٤] و پادشای (مەنجورات)[٣٥] و سەرانی وڵات تا ئێستە دە هەزار سوار و پیادەی بۆ هاتووە، پشتی لەسەر بەرانگاری و شەڕ بەستووە. پاش ئەم قسانە خالید داوای کرد لە کابرا موسوڵمان بێت، وتی نە ئاینی خۆم ناگۆڕم. ئینجا خالید دایە دەست زەڕار و پێی وت ها ئەوە تۆ و نێچیرەکەت، زەڕار کوشتی و فڕێی دایە ئاوەکەوە. ئینجا چوون لاشەکەی (ئەبو دوجانە)یان هێنا و ناشتیان.

= گۆڕی ئەبو دوجانەیە، لە بنەڕەتا درۆیە. کوڕی ئەو کابرای هاوناوێتی. سەیر ئەوەیە کۆلکە مەلاکانی دێهاتی جاران خانمە ئاوسەکانیان ئەخەڵەتان، نویشتەیێکی مەتر درێژیان بۆیان ئەنووسی بۆ پاراستنی منداڵەکە لە دێو و درنج بەو نویشتەیان ئەوت (ئەبو دوجانە)، کە منداڵەکەی لەبەر نەچێت.

(٣٣) مەرجین بە قسەی مەلا سەمەد مەرگەیە.

(٣٤) شیدەر کاك مەسعوود و مەلا سەمەد نووسیویانە مەبەست پشتدەرە.

(٣٥) مەنجورات مەبەست مەنگوڕایەتییە (راست خوا ئەیزانێ).

قسەگێڕەوە (واقدی) وتوویە: فەڕوخ خان پیاوێکی زۆر ستەمکار و زۆردار بووە، بەسام و بەزەبر و ستەمی زۆری لە خەڵك کردبوو، داوێن پیس و چەپەڵ بوو، نامووسی خەڵکی پایماڵ ئەکرد، تەنانەت کیژی پادشای (قەرەجاون)ی[١] راکێشابوو، بەزۆر داگیری کردبوو. سەرای ئەمانە پاڵەوانێکی بەهێز و زەبەر دەست بوو، لە ڕاووشکارا بە مشت ملی بەراز و ورچی دەشکاند، خوشکێکی هوشیار و زرنگی هەبوو ناوی (ئەزمیرە) بوو[٢]، سەرکار و سەرپەرشتیکاری داراییی وڵات و کشتوکاڵ بوو، دەرئامەدی وڵاتی دەپاراست. لە گوندی ئەزمیرە دائەنیشت کە بەناوی خۆیە و ناوی نابوو. خالد پاش ئەوەی گوێی لەم ڕاپۆرت و گوزارشە دوور

(١) بەپێی قسەکانی کاك مەسعوود ئەم (قەرەجلون)، (قەڵاچولان)ی نزیك (بنگرد)ە و بە گەورە قەڵا بەناوبانگە. بەڵام من لام وایە مەبەست (قەڵاچۆلان)ی کۆنە پایتەختی بابانە لە پشت سلێمانییەوە بە لای باکوریدا.

(٢) ئەزمیرە: بەقسەی کاك مەسعوود، زەوی و زاری بنگردە کە دەکەوێتە بناری شاخی مەرگە، زۆرم لا سەیرە کە مەبەست چیای ئەزمری لای سلێمانی نەبێ کە قەڵاچۆلان ئەکەوێتە پشتی لای باکوری. لەگەڵ ئەوەشدا کە من هەر داستانەکە بە درۆ ئەزانم بەڵام دەبوایە هەرێمی پادشاکانی کورد هێندە لەیەك نزیك نەبوایە، کوێخادێ بەم سنووره بچووکانە رازی نابێ چ جای پاشا؟ سەیرە کە مەلا سەمەد و کۆلکە مەلاکان، کاك مەسعوودیش حەز ئەکەن داستانە درۆکە هەر بەسەر هەرێمی کۆیە تا قەڵادزەدا بسەپێنن.

و درێژە بووە کاغەزێکی نووسی بۆ (فەروخ خان): "ئامۆژگاریتان دەکەین موسوڵمان بن، ئەگەر نەتانەوێ موسوڵمان بن دەبێ سەرانە بدەن، ئەگەر ئەم دوو مەرجە پەسەند نەکەن بەشەڕ بەسەرتانا زاڵ ئەبین و سەروماڵ و دارایی و سامانتان هەموو (ئەنفال) دەکەین. ئێوە نابێ بە دژ و قەڵای سەختەوە بنازن و بایی ببن، ئێمە سەرمان بە (هراکلیوس)[٣] و (کیسرا)[٤] شۆڕ کرد و تەخت و پەخت و هێز و پێزیانمان تێك دا، هەموو وڵاتیان کەوتە ژێر چنگی ئیسلام، هەموو چیا سەختەکانی ئەرمەنستان[٥] داگیر کران". ئنجا نامەکەی بە کابرایێکی خەڵکی ڕۆستەمدا بۆ نارد، کابرای ڕۆستەمی چوو، کە سپا دەنگیان دا وتی یەیکم هێناوە، بە گوریس هەڵیان کێشایە سەر دیواری قەڵا و بردیانە لای (فروخ شاە). کابرا کەوتە هەڵنان و بە تاناچوونی باسی هێزی ئیسلام، (فەروخ شاە) دوستووری دا بە (فسطور)[٦]ی نووسەری، کە هەم کوردی و هەم عەرەبیی باش دەزانی نامەکە بخوێنێتەوە. سەرئەنجام فەروخ بەکابرای ڕۆستەمی وت: بڕۆ بە سەرۆکی سپای عەرەب بڵێ: خۆی ماندوو نەکا، ئێمە نە موسوڵمان ئەبین، نە سەرانە ئەدەین. نە ڕێ بە دوژمن ئەدەین بێتە ناو خاکی وڵاتمانەوە. ئنجا کابرای ڕۆستەمییان بە گوریس کردە خوارەوە. پاشان کە سەرنجیان دا سپای عەرەب خەریکە گەمارۆی

(٣) هیراکلیوس (٦١٠ – ٦١٤زا) قەراڵێکی بێزەنتی بوو لەسەر سوریا شەڕی لەگەڵ ساسانییەکان کرد و بەسەریانا زا بوو بەڵام بەرامبەر سپای عەرەب لە شەڕی یەرمووکدا شکا و بەرەو ئەستەموڵ (قسطنطینیە) هەڵات.

(٤) کیسرا یەزدگورد پادشای ئێران لە (مەدائن و تیسفون) بەرامبەر سپای ئیسلام شکستی خوارد و هەڵات بەرەو کوردستان لە (نەهاوەند) خۆی گرتەوە. پاش شەڕێکی هەرە گەورە لەوێش شکا و ڕای کرد بەرەو خوراسان و لەو ناوە مرد.

(٥) وڵاتی ئەرمەنستان پاش وڵاتی کوردستان داگیر کراوە، چونکە سپا کە بۆ ئەرمەنستان بچێ دەبێ لە هەموو لایێکەوە بەسەر کوردستانا بچێت چ لە ئازەربایجانەوە چ لە ئاسیای بچووکەوە.

(٦) دەبێ ناوەکە (نەسطور) بێ لەناوی نەستۆریۆرسی بەناوبانگەوە هاتبێ، نەك (فسطور).

قەڵاکە ئەدات، فەروخ شاە فستووری نارد بۆ لای سەرداری سپای ئیسلام کە تێی بگەیێنێ بگەڕێتەوە، هێزی ئەوان ناتوانێ زاڵ بێ، فستوور چوو بە عەرەبی قسەی لەگەڵ خالید کرد بەڵام خالید کۆڵی نەدا و لە هەڕەشە و گوڕەشەکان نەترسا و پێی داگرت، کە فستوور ورەی قایمی خالیدی دی، دڵی نەرم بوو لەسەر دەستی خالد موسوڵمان بوو. ئنجا گەڕایەوە بۆ لای فەروخ شاە و باسی پێ داگرتن و زات و ورە قایمیی خالیدی بۆ کرد و ترسی نایە بەری، فەروخ هەستی کرد فستوور خۆی دۆڕاندووە و موسوڵمان بووە، لەبەرئەوە بە شمشێر دای لە ملی و کوشتی. لاشەکەی پارچە پارچە کرد و لە قەڵاوە فڕێی دایە خوارەوە.. قسەگێڕەوە وتی: خالد کەوتە فێڵی شەڕ، دوستووری دا بە سپا بگوێزنەوە بۆ گوندی (سنجان)[٧]. سپا جما و چوو لە سنجان لەشکربەزی کرد. خەڵقی ئاواییی سنجان پێشوازییان لە سپای ئیسلام کرد و نان و خۆراکیان بۆ خۆیان و ئاڵفیان بۆ وڵاغەکانیان[٨] ئامادە کرد. بەیانی زوو هەستان نوێژیان کرد و ناشتاییان خوارد و ئامادە بوون. خالد ١٠٠٠ کەسی خستە ژێر فەرمانی عەبدوڵڵا کوڕی عومەر و ناردی (شیدەرە)[٩] بگرێت. هەروا هێزێکی خستە ژێر فەرمانی میقداد و ناردی بۆ (شهرین)[١٠] کە هەمووی ڕامالێ و تالانی بکات، خۆی و ئەودوای یاران (فەزل، زوبەیر، زەرار،

(٧) سنجان ماموّستا مەسعوود و مەلا رەئووف و مەلا سەمەد لایان وایە گوندی (سیناجیان)ی پێدەشتی (میرزا ڕۆستەمە) لەبەری وڵاتی مەرگەوە.

(٨) مەبەست لە وشەی ولاغ هەموو چوار پێیێکی سواری و بارییە (وشتر، ماین، هێستر، کەر).

(٩) شیدەر مەلا رەئووف کردوویە بە (سێدەر)، کاک مەسعوود نووسیویە (شیدەر (پشتدەر)ە کە لەگەڵ مەنگوڕایەتی هاوسنوورە. زۆری ئەسحابان لەوێ کوژراون، بەڵام من لام وایە مەبەست (شەدەڵەیە). ئەوێ بەلای ڕاستی کۆیەدا بۆ قەڵاچۆلان نزیکترە و بۆ ئەزمریش. ئەگەر داستانەکە ڕاستیی تیا بێت.

(١٠) عەبدوڵڵا کوڕی ئەبو ئەیووب، بە داخەوە سەرگوزەشتی ئەم یارەمان دەس نەکەوت نە لە (الاصابة) و نە (الاستیعاب)دا باسی (ئەبو ئەیوبی باوکی ) لەمەودوا لە پەراوێزی ژمارە پێنجدا دێ.

عەبدوڕەحمان، و عەبدوڵڵا کوڕی ئەبو ئەییوبی ئەنساری)[١١] بە سپای گەورەوە ڕوویان کردە (مەرجین) (مەرگە) و لەوێوە لە قەڵای فەروخ نزیك بوونەوە. هەر کە فەروخ ئەم هەواڵەی زانی خۆی ئامادە کرد و سەرلەبەیانی زوو بە (٥٠٠) جەنگاوەرەوە لە قەڵا هاتە خوارەوە و دوستووری دا بە تیرهاوێژان سپای عەرەب سەرکوت بکەن. ئینجا شەڕ گەورە بوو، بڵخاخ و هەراوهوریا لە هەموو لاوە بەرز بووەوە، سپای عەرەبیان شکاند و گەڕانەوە قەڵا. خالد بەم شکستە زۆر شڵەژا و دڵگیر بوو. بەڵام کەوتە هاندان و ئافەرینیان وتی: ئاینی ئیسلام قوربانیی زۆری دەوێ کۆڵ مەدەن. ئینجا خۆیان (خالید و سەران) چوونە مەیدان. لەپڕ پاڵەوانێ خۆی هەڵدایە سەر پشتی خالد و نەڕاندی، خالد خۆی ڕاپسکاند و شمشێرێکی بۆی داهێنا بەر تاس کڵاوەکەی کەوت و شمشێرەکە بوو بە دوو کەرتەوە، ئنجا بوو بە زۆرانیان. خالد کابرای خست. شەڕەکە بەسەختی چەند ڕۆژ دەوامی کرد، فەروخ و سپاکەی بۆ حەسانەوە چوونەوە ناو قەڵاکە، سپای ئیسلامیش حەسانەوە. عەبدوڵڵا کوڕی عومەریش کە چووبووە شیدەرە، گوند و ئاواییەکانیان هەموو تاڵان کردبوو، کە گەیشت و تاڵانی زۆری هێنا بوو چڕ و سەڵەوات دەستی پێ کرد (مەبەستی بنەڕەتی هەر ئەوەبوو). شەو لە ناوێ کابرایێ کە ناوی (بەیرون کوڕی بازام)[١٢] بوو خۆی و دوازدە کەس لە خزمانی لە قەڵاوە هەڵاتبوون و چووبوون

(١١) ناوەکە دەبێ هەڵە بێت و ڕاستییەکەی (پیرۆت کوڕی بارام) بێت. مامۆستا مەسعوود نووسیویە: قەبری (پیرۆتە سوور) لە وڵاتی مەرگە مەشهوورە. دەڵێن ساڵی (٨٠) باران، پتر لە جێگەکانی تر بەسەریدا دەبارێ. منیش دەڵێم: بەڕاستی زۆر پیرۆزە ئەوانەی خیانەتیان لە وڵاتی خۆیان و لە گەلی خۆیان کردووە و نەتەوەکەی خۆیان کوشتووە، ئەوەندە پیرۆزیشە کە (٨٠) باران زیاتر لە بارانی ساڵ بەسەر گۆڕی ئەودا ببارێ. بەڵێ، ئەو جاشانەی کە کا و جۆ زۆر بخۆن پێویستیان بە ئاو زۆرتر ئەبێت. زۆرم لا ستەمە مامۆستا مەسعوود بە خامەی زێڕینی خۆی لاپەڕەی کاغەزی سپی بە قسەی خەڵەفاو و پیرەژنانە ڕەش بکاتەوە و بۆ مێژووی کوردی بەدبەخت یادداشت بکرێ.

(١٢) شهرین (شارستین) یەکێکە لە گوندەکانی دەشتی مەرگە لای باکوری سەر کەپکانەوە بەقەد چیاکەوەیە، سەر بە قەڵادزەیە.

موسوڵمان بووبوون، ئەم کارە (فەروخ خان)ی زۆر شڵەژاند لەبەرئەوە خۆی لە قەڵا هاتە خوارەوە و شاڵاوێکی توند و تیژی کرد، کە شەڕ گەرم بوو. لەم حەلەدا میقداد لە تاڵانی (شهرین) ئەگەڕایەوە و کەوتە شەڕەوە، فەروخ شاە کە دی لای پشتەوەشی گیراوە، شڵەژا و سەری لێ تێك چوو. تەنانەت دوستووری دابوو خێزانی ئەو دوازدە[١٣] کەسە و خزم و کەسیان هەموو قەلار کرابوون، فیغان و گریان و زاری، ئەگەییە کەشکەڵانی فەلەك. میقداد لای پشتەوە کەوتە کوشتار، هەردوولا خەڵکێکی زۆریان لە دەست دا. فەرۆخ شاە (مەرجین)ی بەجێ هێشت و گەڕایەوە بۆ قەڵاکەی. میقداد بەهێزەکەیەوە کەوتە دوایان بەرەو چیا سەختەکان. ئینجا کە چوون سەرکێشیی کوژراو و برینداەکان بکەن سەرنجیان دا لاشەی پەنجا پیاوماقووڵی کورد بەجێ مابوو. بەڵام تەنها دوو کەس لە یارانی میقداد کوژرابوون. هەردووکیان لە عێلی (طەی)[١٤] بوون ناویان حارث و عباد بوو. فەروخ ئەو شەوە لە قەڵاوە پەیکی نارد بۆ لای ئەزمیرەی خوشکی کە گوندی (ئەزمیرە) بەجێ بهێڵێ، گرانبار و سامان و دارایی وڵات بگەیەنێتە لای (مالك ئەشتەر)ی مامی کە پادشای (دوقومان) بوو. ڕاشی سپارد کە بۆی بگێڕێتەوە لێرە چ قەوماوە. کابرای ئەسپردە هەواڵی گەیاندە (ئەزمیرە). جا ئەو ژنە هوشیارە سامان و دارایی کۆ کردەوە و چوو هەواڵی شەڕی گەیاندە کشتیار و فەلاحەکان، هەندێکیان لەگەڵی باریان کرد و هەندێ سەرپێچییان کرد، سەرەئەنجام ئەزمیرە گەیشتە لای مامی (مالیك ئەژدەر) و هەموو باسی بۆ گێڕایەوە، مالیك زۆر بە پەلە نامەی نووسی بۆ پادشایانی هەرێمە دوورەکان. داوای کۆمەك و یارمەتیی کرد و ترسی تەواوی خستە مێشکیان. فەروخ شاە خۆی لەگەڵ سپێدەی بەیانا لە قەڵا

(١٣) دەبێ یازدە خێزان بێ چوون ئەوەی خەبەری بە فەروخ داوە خۆی و خێزانی لە کوشتار رزگار کردووە.

(١٤) وا دیارە نووسەری ئەم داستانە درۆیە تەنها ناوی (عیلی طەیی عەرەبی) زانیوە کە هەندێکیان لە دەشتی قەراجی هەولێرن سەر بە دێیەکە، ناوی عیلی تری نەبردووە و ئەم عیلە عەرەبانەی کە لە قەراج و حەویجەن لە شەمەرەوە تا ئەلعەزە هەموو لە سەردەمی عوسمانیدا هێنراونە خاکی کوردستانەوە.

هاتە خوارەوە، بە هەموو هێز و سپای خۆیەوە هەڵی کوتایە سەر سپای عەرەب. خالد فەرمانی دا بە بەرانگاری، شەڕ گەرم بوو، لە هەردوولا کوشتار زۆر بوو تەنانەت ئەم سەردارانەی سپای ئیسلام هەموو شەهید بوون (فەزل کوڕی عەباس، زوبەیر کوڕی عەوام، زۆری تر)[١٥]. ئنجا (بەیرون) گەڕایەوە شوێنی خۆی. پاش ئەم شەوە خالید سپای کۆ کردەوە ئافەرینی لێ کردن بەرامبەر بە سەرکەوتن بەسەر ئەو کوردانەدا کە لە ئازایی و دلێریدا بێ هاوتان. یاران داوایان لێ کرد بنووسێ بۆ ئەبو عوبەیدە کە هێزیان بگەیێنێتە فریا. خالد وتی: ئێمە تا ئێستا لاواز نەبووین، ئەگەر هەست بە لاوازی و شکست بکەین هاوار ئەنێرین بۆ هێزی (خەرصاء) کە بە فەرماندەیی (قەعقاع)ە لە شارەزوور[١٦] داوای یارمەتی و کۆمەك ئەکەین. لەولاوە فەروخ خان پاڵەوانانی کوردی کۆ کردەوە و پێی وتن: ئەم عەرەبانە بەسەر زۆر وڵاتان زاڵ بوون وەها بەباش ئەزانم بەر لەوەی بەسەرمانا زاڵ ببن و دارایی و سامانمان هەموو تاڵان بکەن، هەرێمی (مەرجین) بەجێ بهێڵین و بچینە دوگومان[١٧] و خۆمان لە بەدکرداری و بەدرەفتاریی عەرەب ڕزگار بکەین. خۆتان دەزانن ئێمە، ئەم هەرێمەمان لە سەرەتادا (واتا سویسنی و جالکون) لە ئەرمەنستان[١٨] دابڕیوە و داگیر کردووە، سەردارانی وڵات

(١٥) لە تەرجەمە فارسییەکەی مەلا عەزیزا ئەم یارانە بە هەڵە بە کوژراو دراونە قەڵەم. هەموویان پاش ئەوە لە شەڕا بوون.

(١٦) قەعقاق وەکو لە سەرگوزەشتیا نووسیمان ساڵانی (١٦ – ١٧ك) (٦٣٧ – ٦٣٨) هەرێمی حەلەوانی لە دوای جەلەولا (گولولالا) داگیر کرد، ئەو نەگەییوەتە شارەزوور. ئەوانەی ڕوویان کردە شارەزوور عیزرە کوڕی قەیس و عورتبە کوڕی فەرقەدە بوون و شارەزووریان بەرێککەوتن و ئاشتی داگیر کرد.

(١٧) من لام وایە مەبەست دەوروبەری چیای توکما (طوقما)یە، ناوەکە تورکییە، لەسەرەتای ئیسلاما ناوی تورکی لە کوردستانا نەبووە، مەلا رەئووف و کاك مەسعوود نووسیویانە: گوندێکە لە پشتی کێوەڕەشەوە سەر بە پشتدەرە بەشی مەند مەراییتییە و راستیی ناوەکە بە قسەی کاك مەسعوود (دوگومانە، دوقومان)ە.

(١٨) سویسنی و جالکون، ئەم ناوانەمان لە فەرهەنگەکانا دەس نەکەوت.

قسەکانی فەروخیان پەسەند کرد و بڕیار درا شەو قەڵاکە چۆڵ بکەن. برایەکی فسطوری نووسەری فەروخ کە موسوڵمان بووبوو فەڕوخ کوشتبووی، هەر ئەو شەوە هەواڵی بردبوو بۆ سەرانی ئیسلام. خالد کە ئەمەی زانی بوو فەرمانی دابوو بە عەبدوڵڵا کوڕی عومەر و میقداد کە بە دوو هەزار سوارەوە ڕێکان بگرن. هەر ئەو شەوە هەردوو سپا تووشی یەك بوون دایان بەیەکا، میقداد بەسەر فەروخدا زاڵ بوو کوشتی و سپاکەی ورەیان بەردا و هەڵاتن و بوون بە دوو بەشەوە، بەشێکیان ڕوویان کردە چیای ئەزمیرە و بەشێکیان گەڕانەوە ناو قەڵاکە، عەبدوڵڵا کەوتە دوای ئەوانەی کە بەرەو پێدەشتەکان هەڵاتبوون. زۆری لێ کوشتن و ئەودوایی بەدیلی گرتن، زۆریان خۆیان خستە شیوێکی قووڵەوە کە ڕووباری پیا دەچوو بڵاو بوونەوە. لە شیوەکەدا دوو ئەشکەوتی زۆر گەورە هەبوو هاوڕێیانی عەبدوڵڵا (١٥٠٠) مەڕیان لەو ئەشکەفتانە بەتاڵانی دەس کەوت. ئەو بەشەکەی تری، میقداد تەنگەتاوی کردن، زۆری لێ کوشتن و زۆری لێ بەدیلی گرتن. بەڵام لە یارانی دووکەس شەهید بوون ناویان (حارث و عباد) لە عێلی (طەی) بوون[١٩]. سپای ئیسلام پێش کەوتن تا گەیشتنە زوورگ و هەڵەتێکی چڕی پڕ لە جەنگەڵ، لەوێدا کابرایێکی کوردیان لێ پەیدا بوو ناوی (برابەك) بوو(؟) لەپڕ هەڵی کوتایە سەر (عومەر کوڕی عەدی)[٢٠] هاوڕێی میقداد و کوشتی. میقداد بەم کارەساتە زۆر شڵەژا و دڵگیر بوو، سوێندی خوارد تۆڵەی بسێنێ. کابرا بۆی دەرچوو، میقداد کەوتە دوای لە پاڵ بەردێکا گرتی، ئەوەندە بە قارەوە شیرەکەی بۆ داهێنا کە خودی بەردەکەی لەت کرد(؟). ئنجا بەناو جەنگەڵەکەدا سووڕا لەپڕ کابرایێکی

(١٩) برابەك، محەرەم مەلا سەمەد نووسیویە (بارباك)، ڕەنگە هەردوویان هەڵەبن، ڕاستییەکەی (بارام) بێت و بەگێکی پێوە نراوە، گەرچی وشەی بەگی تورکی تا دەورانی سەلجووقی لە وڵاتی ئێمەدا بەکار نەهاتووە.

(٢٠) عومەر کوڕی عەدی، ئەم ناوەمان لە فەرهەنگاکان و ناوی یاراندا لە (الاصابة) و لە (الاستیعاب)دا نەدۆزییەوە. تەنیا لە ئەلکامل ئیبن الئەسیردا (عومەری کوڕی عەدی) ئەمیری حیرە سەرۆکی ڕەبیعە بووە، بەدەستی ساسانییان کوژراوە، لە یاران نەبووە.

پیری پەڕپووتی دی ناوی (کەڕاکەڕ) بوو[٢١] هەواڵی کوردەکانی لێ پرسی وەڵامی نەدایەوە، کە لێی پرسی تۆ چ کارەی؟ وتی: من باغەوانی فەروخ خانم، میقداد وتی: من فەروخم کوشت و سپاکەیم تەرتە وەرتە کرد. کابرا هەناسەیێکی ساردی هەڵکێشا و وتی: خۆزگە تافی جوانیم ئەبوو هەر بەبەرد سەری هەمووتانم ئەهاڕی. میقداد لێی پرسی ناتەوێ موسوڵمان ببی؟ وتی: ئێمە بەندەی ئەو خۆرە جوانەین، ئەو ڕووناکییە جیهانییە. ئینجا میقداد بە شمشێر دای لە ڕەپی ملی پەڕاندی. پاش ئەوە گەڕایەوە کە لاشەی (عومەر عەدی) بنێژێ، پێنج کەسی تریشی لە یارانی دۆزییەوە کە کوژرابوون: (سالم، عەبدولقادر، وائلە، سەعد، جوندوب)[٢٢]. پاش ئەوە خالد سێ ڕۆژی تەواو لە قەڵاکەی فەروخدا حەسایەوە.

(٢١) کاک مەسعوود نووسیویە (کوڕکوڕ) بەرزترین لوتکەی شاخی ڕیزە چیای (ئاسوس)ە کە بەسەر مەرگەدا دەنوڕێ، تۆ بڵێی ئەو ناوە یادگاری (کڕکڕ) بێت؟ یا گەلاری کوڕکوڕی پێوە بنیشێ.

(٢٢) وا دیارە مەلا ڕەئووف و محەڕەم هەردوویان ئەم ناوەیان بە هەڵە یادداشت کردووە، من ئەوەم پێ ڕاستترە کە مەلا عەزیز تۆماری کردووە. بەڵام با ئەوەشمان لە بیر نەچێ لەو کتێبە مێژووییانەدا کە باسی شەڕەکانی وڵاتی چیا (کوردستان)ی تێدایە وەکو فتوح البلدان، الاخبار الطوال، طبری، ابن الاثير، ئەم ناوانە پەیدا نەبووە.

قسەگێڕەوە دەڵێ: کە هەواڵی کوژرانی فەڕوخ شاە گەیشتە (مالك ئەژدەر) کە سپاکەی شکستی خواردووە و پشتیان کردووەتە دوژمن، چەندین نامەی نووسی بۆ پادشایانی (سوسنی) کە پێیان دەوت (سوسن پاشا) و بۆ پادشای رەبەت کە خاکی گەورکانە و ناوی (قەیروان) بوو مەشهوور بە (خضیر)[1] و بۆ پادشای پشتدەر – هەرچەندە لەگەڵ یەك دوژمن بوون – هەروا بۆ پادشای (دوگومان) گەرچی خۆی نەهاتە هاوار، کوڕەکەی نارد بەهێزەوە بۆ مەرگە (مەرجین)، جا سپای کورد هەموو لە (ئەزمیرە)[2] سپابەزیان کرد. خالید هەواڵی زانی کە لەشکری پاشای دوگومان پازدە هەزار کەسە، سپای ئیسلامی ساودا بەرامبەر سپای کورد دامەزران، سەرئەنجام سپای ئیسلام ڕووی کردە سپای کورد و شەڕ گەرم بوو، (زەڕار کوڕی ئەزوەر) سەرنجی دا فەرماندەیێکی بەرچاو کەوت کە خەریك بوو دوستوور و فەرمانی ئەدا، هەڵی کوتایە سەری و بەڕم کوشتی، گوایە ئەوە قەیوانی پادشای (رەبەت) بووە. فەزل کوڕی عەباسیش خۆی گەیاندە پادشای مەنگوران و کوشتی و عەبدوڕەحمان کوڕی ئەبو بەکریش هەڵی کوتایە

(١) خزەیر: ئەم ناوە عەرەبییە، لە تەرجەمە فارسییەکەی مەلا عەزیزدا (هەزووری) نووسراوە، لەگەڵ ناوی (قەیوان) تورکییە کە زۆر هەموارترە. ئەوەش ئاشکرایە کە ناوی تورکی تا دەورانی سەلجووقی لە وڵاتی کوردستانا باو نەبووە.

(٢) لەمەوبەر دەربارەی ئەزمیرە دواین سەیری پاڕاوێزەکان بکەن.

سەر فەیرووزی کوڕی مالیك ئەژدەر و کوشتی، سپای کورد کە زانییان سەرانیان کوژران شکستیان خوارد و هەڵاتن. سپای ئیسلام ڕاویان نان بەرەو گوندی (قەرە بابا)[٣] کە ئاغاکەی هەر ناوی (قەرەبابا) بوو، گوندەکەیان تاڵان کرد و ئاغاکەیان کوشت و چوونە سەرچاوەی ئاوەکە کە باغاتی هەنجیر و هەنار بوو، لەوێ حەسانەوە (عەبدوڵڵا کوڕی عومەریش) لەولاوە تاڵانی خۆی هێنا و هەموو لە پاڵ چلیکە حەسانەوە و کەوتنە نەفرین و جنێو بەو کوردە سەر سەختانەی کە سەریان شۆڕ نەدەکرد[٤].

قسەگێڕەوە وتوویە: شەوی سێیەم کابرایێکی عەرەب کە ناوی (عەبدوڵڵا کوڕی ئەمەوی زمیری) بوو وتوویە شەو ئێشکم دەگرت سەرنجی سەر لوتکەی چیاکەم دا ئاگرێکی زۆر دەگرا، هاوارم کرد سپای موسوڵمانان ئامادە بن لەشکری ئیسلام ڕاپەڕین و ڕوویان کردە لوتکەی چیاکە، سەرنجمان دا خەلقێکی زۆر بەدوای لاشەی کوژراوەکانیانا ئەگەڕێن. خالید دوستووری دا شاڵاومان کردە سەریان، کوشتارێکی زۆرمان لێیان کرد، کە بوو بەشەڕی تێکڕژان لە هەردوولاوە هاوار هەڵسا. عەرەب هاواریان ئەکرد یا مەنسوور. کە بەیان سپیدەی دا کوردەکان ئێمەیان دایە بەر بەرد و تیر (عەبدوڵڵا کوڕی ئەبو ئەیوب)ی ئەنساری[٥] کوژرا.

(٣) ناوی (قەرە بابا) هی دەورانی تورکمانەکانی ئاق قوینلو و قەرەقوینلو و قزڵباشە، لەوەبەر تەنانەت لەسەردەمی سەرەتای موسوڵمانەتییا ناوی وەها لە کوردستانا نەبووە. کاك مەسعوود نووسیویە: ئەم گوندە لەم دواییەدا ناوەکەی گۆڕدرا بوو بە (قەرەتەپە) و ٦٠ ساڵێك لەمەوبەر بووە – تقریبا، لەناکاو ئاوی گوندەکە وشك بوو خەڵقەکە گواستیانەوە بۆ دێی (مەمەند ئاوا)، ئەم گوندانەش کە ناویان نووسراوە هەموویان لە دەشتی مەرگەدان، ڕەنگە لە ئەزمرەوە بە سواری سەعات و نیوێك ببن (واتا نزیکەی ١٢کم).

(٤) سەیرە کە سپای ئیسلام جێگەیێکیان بۆ داگیر نەکرابێ یا خەڵکەکەی زوو سەریان شۆڕ نەکرابێ کەوتبنە نەفرین و جنێودان.

(٥) وەکو لەوەبەر وتمان ئێمە ناوی عەبدوڵڵامان دەس نەکەوت، بەڵام ئەبو ئەیووبی ئەنساری یەکێ بوو لە گەورە پیاوانی مەدینەی منەوەرە (خ) کە پێغەمبەر (د.خ) لە مەکەوە گوێزایەوە بۆ مەدینە لە سەرەتادا لە ماڵی ئەم پیاوە دابەزی، یەکێك بوو =

خالید بەم هەواڵە زۆر شڵەژا و نیگەران بوو. ئنجا لاشەی کوژراوەکانی ترمان دۆزییەوە و هەموومان کۆ کردەوە و ناشتمانن و سێ ڕۆژ لەوێ ماینەوە.(٦) پاشان خالد زەڕاری کوڕی ئەزوەری گاز کرد و ٦٠٠ کەسی خستە ژێر فەرمانی. عەبدوڕەحمان کوڕی ئەبو بەکریشی لەگەڵ نارد کە بچنە گوندی پاڵ چیاکە – ئەو چیایەی کە عەرەبەکەی تیا کوژرا بوو – لە داوێنی چیاکەدا گەیشتینە ئاواییەکی گەورە کە بەسەر ڕووبارەکەوە بوو لە هەرێمی شیدەرەدا، لەوێ لەشکرێکی زرمە بەزیبوو بەرامبەر قەڵاکەی (دانی کورشاە)ی پاشای شیدەرە. هەر کە زەڕار بەهێزەوە گەیشتە پشتی قەڵاکە، خەڵقی گوندەکە هێرشیان کردە سەری و شەڕ گەرم بوو. هێزی عەرەب لە سەرەتادا چەند کوردێکیان کوشت، ئنجا کوردەکان کە ژمارەیان ٦٠٠٠ کەس بوو گەمارۆی عەرەبەکانیان دا و هەموویان بەدیل گرتن. جگە لە عەبدوڕەحمان کوڕی ئەبو بەکر کە بەتەنیا خەریکی شەڕ بوو. لەم کاتەدا (عەبدوڵڵا کوڕی ئەمەوی) خۆی ڕزگار کردبوو بە هەڵە داوان ڕۆیشت خۆی گەیاندە خالید و هەواڵی دایێ کە زەڕار و هێزەکەی هەموو بەدیل گیراون. خالد بەم هەواڵە زۆر پەست و دڵگیر بوو، بەپەلە هاواری کردە یاران کە زوو بگەنە فریای زەڕار و بۆ نەهێڵان لە ئاوەکە بپەڕنەوە و قەڵاکە چۆڵ بکەن. سەرئەنجام سپای عەرەب بە چیاکانا هەڵکژان و بەرەو شیوەکە داچۆڕان وە خۆیان گەیاندە هێزە کوردەکان لە کاتێکا هێشتا عەبدوڕەحمان خەریکی شەڕە شمشێر بوو. خالد خۆی و فەزل کوڕی عەباس و عەبدوڵڵا کوڕی عومەر و زوبەیر کوڕی عەوام و میقداد

= لە ئەنسار. بەڵام (وا دیارە) لە دواییدا لەگەڵ معاویە چووەتە شام، هەر لەبەر ناو و ناتۆرەی بوو کە معاویە داوای لێ کرد (سەرەڕای پیری و فەرتووتی) لەگەڵ یەزید بچێت بۆ داگیرکردنی (قسطنطینیە) (ئەستەمبوڵ)، ئەوە بوو هەر لەوێ مرد و گۆڕستانەکەی لەوێ بەناوبانگە. عەبدوڵڵا وەکو وتمان نەهاتووە بۆ کوردستان درۆیە.

(٦) کاک مەسعوود نووسیویە: ئەو کێو و ریزە چیایە (ئاسوس)ە کانیاوەکەش هاوینە هەواری سەر چیایە ڕەنگە ١٣٥٠ مەتر لە ڕووی زەوییەوە بەرز بێ، دێ بچووکەکە ئێستەش هەر ماوە، ئەم گوندە بچووکە لە متمماتی دێی (گەرمکان)ە کە لە بناری ئاسوسدایە نزیکی زاب (زێی بچووک) بەدیوی پژدەردا.

کوڕی ئەسوەد و ئەنەس کوڕی مالیك[٧] چونە فریایان و لە هەموو لاوە کردیانە چڕ و سەڵەوات، بە ڕم و شمشێر ڕژانە ناو کوردان و توانییان زەرار و دیلەکان ڕزگار بکەن و کوشتارێکی زۆر لە کوردەکان بکەن و لاشەکانیا بخەنە ڕووبارەکەوە و ماڵ و سامانیان تالان (انفال) بکەن.

(٧) ئەنەس کوڕی مالیك لە سەرەتادا لە ماڵی پێغەمبەر (د.خ) نۆکەر و خزمەتکار بوو، بیست ساڵی رەبەق خزمەتی کرد، پاش کۆچی پێغەمبەر (د.خ) مەدینەی بەجێ هێشت و گەڕایەوە بۆ مەکە ئنجا کۆچی کرد بۆ بەسرە لەوێ مرد، ئەم پیاوە بەوە ناسراوە کە وەکو (ئەبو هورەیرە) تەنیا فەرمایشتی بۆ خەڵق گێڕاوەتەوە و گوایە ٢٦٠٠ فەرمایشی لەبەر بووە، بەوە نەناسراوە پیاوی شەڕ و هەرا بووبێ و هەرگیز نەگەییوەتە کوردستان.

## باسی داگیرکرانی (دوگومان = دوقومان) و چیاکان و کوژرانی مالیك ئەژدەر

قسەگێڕەوە (واقدی) وتوویە: پاش ئەوەی موسوڵمانان لە گەمارۆی سەختی هێزە کوردەکان ڕزگار بوون، کوردەکانیان پەرتوبڵاو کردەوە، زۆریان لە ڕووبار خنکان. ئنجا خالید فەرمانی دا بە لەشکری ئیسلام بجمێن، جا لە ڕووبارەکە پەڕینەوە و بە شیو و چیاکانا هەڵگەڕان تا گەیشتە ئاواییی (دوقومان) و گوند و ئاواییەکانی تری دەوروبەر کە لەناو زوورگ و هەڵەتا بوون و لە ڕیزە چیاکانا. لەوێ سپای خالید هەموو یەکدیگیر بوون، هێزە کوردەکان کە هێزی عەرەبیان بەدی کرد، خۆیان ئامادە کرد و چاکیان بۆ شەڕ کرد بەدارا. خالید فەرمانی دا بەوەی سپای ئیسلام ریز ببەستن. پاش ساودانی سپا ئنجا دابەشی کردن، زوبەیر کوڕی عەوامی دانا بە فەرماندەی دەستی ڕاست، فەزل کوڕی عەباسی دانا بە فەرماندەی دەستی چەپ، عەبدورەحمان کوڕی ئەبو بەکریشی کردە فەرمانڕەوای قۆڵی راست، عەبدوڵڵا کوڕی عومەریشی کردە فەرمانڕەوای قۆڵی چەپ. خالید خۆی و زەڕاریش فەرماندەیی جەرگەی لەشکرەکەیان گرتە دەست. ئنجا خالید کەوتە دووان وتی: ئێوە یارانی پێغەمبەرن نەترسن دلێرن بەرامبەر بە کافران خۆتان مەدۆڕێنن، ئینجا فەرمانی دا بە شالاو بۆ سەر کوردەکان، لە سپیدەی بەیانەوە تا نیوەڕۆ شەڕی سەخت درێژەی کێشا، کوردەکان بەبەرد و تیر سپای ئیسلامیان بۆژەکرد و شکستیان پێ دان. ئنجا خالید و میقداد و فەزل و سەردارانی تری لەشکری عەرەب کەوتنە پێشی سپا و هەڵمەتی کوردیان دا، کوشتارێکی زۆر لە هەردوولا ڕووی دا، لە گەرمەی شەڕدا فەزل کوڕی عەباس پاڵەوانێکی بلە زەندەری لەناو سپای کوردا ڕەچاو کرد کە بەناو سپاکەدا دەهات و دەچوو هانی ئەدان. فەزل لەپڕ هەڵی کوتایە سەری و ڕمێکی هەواڵەی سەر سنگی کرد لە پشتیەوە درچوو، هێزە کوردەکان کە ئەم کارەساتەیان دیت هەلاتن. (وائیلە کوڕی ئەسقەع)(١) گێرایەوە وتی: هەموو دارایی و سامانی کوردەکان بەر

(١) ناوەکە لە ڕوونووسەکەدا هەڵەیە وائیلە نییە، واسلەیە، وا دیارە ئەم کابرایە لە =

تالآنی (انفال) ئیسلام کەوتن، ئا بەم جۆرە ورەی سپای ئیسلام بەهێز بوو. کە کوردەکان ڕەوینەوە، ئێمە توانیمان ئاواییی (دوگومان) داگیر بکەین و بەراست و چەپی ناوچەکەدا پێش کەوین و پەرە بدەین بە داگیرکاری. ئینجا گوندە خاڵییەکانمان هەموو ئاگر تێ بەردا، ئنجا کەوتینەوە کۆکردنەوەی تالآنەکە. گوندەکانی دەوروبەری دوگومان و خەڵقی ئەو ناوە ناچار بوون خۆیان دا بەدەستەوە و سەر بۆ ئیسلام شۆڕ بکەن، ئەو حەلە خەڵقی ولآتەکەمان کۆ کردەوە بەقسەی خۆش و میهرەبانی ڕازی بوون کە هەوارەکانی خۆیان ئاوەدان بکەنەوە و بەکار و کاسبیی خۆیان خەریك بن، خالید هەندێ لە یارانی لەوێ هێشتەوە کە فێری موسوڵمانەتییان بکەن.

---

= دەورانی خەلیفەی سێیەمدا لە شەڕەکانی (ئسلام – ئێران)دا هەبووە بەلآم کوردستانی نەدیوە ساڵی ٨٥ك لە شام مردووە. گوایە ٩٨ – یا – ١٠٥ ساڵ ژیاوە. سەیر ئەوەیە تەنیا (عەبدولعەزیز واعیزی) ناوی ئەم کابرایەی هێناوە. لە کتێبەکانی مەلا ڕەئووف و محەڕەم مەلا سەمەددا بەرچاوم نەکەوت.

واقدی وتوویە: هەر کە خالید دوگومانی داگیر کرد ئیتر خەڵقی چیا و شیوەکان هەموویان سەریان شۆڕ کرد. ئنجا خالید لەگەڵ سەردارانی عەرەب (زوبەیر، فەزل، عەبدوڵڵا، عەبودرەحمان، ئەنەس، زەڕار و هی تری) کۆبووەوە. ڕاوێژی لەگەڵ کردن کە ڕوو بکەنە کام لا؟ لەم کاتەدا دەستەیێ لەوانەی کە کوردی تازە موسوڵمان بوون و دەوری سیخوڕییان ئەگێڕا و چاوەڕاوکار بوون، لەناو گەلی کوردا و دەنگوباسی وڵاتیان هەڵئەچنی، هاتنە لای خالید و هەواڵیان هێنابوو: کە لەم ناوەدا کەسی تری وا نەماوە سەر شۆڕ نەکا و بتوانێ بەرانگاریی لەشکری عەرەب بکات جگە لە (دانی کۆر)ی پادشاهی (شیدەرە) کە پیاوێکی زەبەردەست و خوێنڕێژ و زرنگ و چاونەترسە و بە چەپ و ڕاستا چنگی زەردی ڕائەوەشێنێ و خەڵقی ئەو ناوچەیە هەموو لێی بەداخ و بە قارن و هاتوونە تەنگ، قەڵاکەی بە لوتکەی کێوێکەوەیە بە کەناری ڕووبارەکەوە، ئەگەر ئێوە بتوانن ئەم پیاوانە لەناو ببەن خەڵقی وڵات هەموو بەجارێ سەرتان بۆ شۆڕ ئەکەن. بەڵام ئێستا لە ترسی ئەو کەس ناوێرێ موسوڵمان بێت و بە قەرەتانا بێت. هەر کە خالید گوێی لە قسەکانی ئەم کابرایانە بوو فەرمانی دا بە سپای ئیسلام ئامادە بن، جا سپای خستە ڕێ بەرەو (شیدەرە) بەرەو قەڵاکەی (دانی کۆر)، لەوێ لە پاڵ چیاکەدا سپابەزی کرد و پاسەوانی دانا بۆ ئێشك گرتن. بۆ سبەینێ نامەیێکی بەم جۆرەی نووسی بۆ (دانی کۆر): "بەناوی خوا، لە سەرداری سپای ئیسلامەوە بۆ دانی کۆر شاە. یا موسوڵمان بن یا بەڵێنی سەرانەدان، یا ئامادەی شەڕ ببن. تاد" نامەی پێچایەوە بە کابرایێکی کوردی نەوموسوڵمانا ناردی و داوای لێ کرد زوو وەرامی نامەکە بهێنێتەوە. کابرا نامەکەی برد و گەیشتە دەرکی قەڵا و بەزوبانی کوردی هاواری کرد: من لای سەرداری عەرەبەوە نامەم هێناوە. ئەوانیش لە کونگەرەکەوە گوریسێکیان بۆی کردە خوارەوە و هەڵیان کێشایە سەرەوە و نامەکەی دایە (دانی کۆرشاە) نامەکەی خوێندەوە و چاوی گرژ کرد و نامەکەی پارچەپارچە کرد، وتی: بڕۆرەوە تێیان بگەیێنە ئێمە وڵاتی خۆمان ناخەینە ژێر دەستی عەرەب، تا دوا

تنۆکی خوێنی خۆمان بەرگری دەکەین، با بەسەرمانا نەیێن هێز نییە بتوانێ بەرامبەر بە ئێمە خۆی ڕابگرێ، کابرای پەیك هێنەر گەڕایەوە و هەواڵەکەی گەیاندەوە خالید. ئنجا خالید سەرانی کۆ کردەوە و فەرمانی دا شاڵاو بکەن بۆ سەر قەڵاکە. سپای کورد بەبەرد بە تیر هێزی عەرەبیان لەسەر قەڵاوە داگرت. سپای عەرەب کە زانییان هیچیان بۆ ناکرێ بڕیاریان دا پەنا بباتە بەر فێڵ، جا خۆیان لە دەوری قەڵاکە کێشایەوە و دوور کەوتنەوە. (دانی کۆرشاە) بە هێزەوە لە قەڵاکە هاتە خوارەوە و پەلاماری لەشکری ئیسلامی دا. سەردارانی کەوتنە بەرانگاری و کوشتار. ئینجا خالید و فەزل هێزی خۆیان هان دا و خودی فەزل پاڵەوانێکی زەبەللاحی بەدی کرد و پەلاماری دا و بەشیر داپڵۆسی. میقدادیش لەلایێکی ترەوە کەوتە هەڵمەتدان و پەلامار. هەر لە سپیدەی بەیانەوە تا شەو تاریك بوو شەڕ دەوامی کرد، پاشان هێزی هەردوولا ماندوو بوون و کشانەوە بۆ جێی خۆیان و ئەو شەوە هەردوولا بە بێداری و ئامادەیی و کێشك گرتنەوە مانەوە.

واقدی وتوویە: کوردەکان کە گەڕانەوە ناو قەڵای (شیدەر) ئیتر خۆیان لە قەڵا توند کرد و نەهاتنە دەرەوە و لە کونگەرە و باروی قەڵاکەوە پاسی خۆیان دەکرد و لەناویشەوە کارێز و قومشیان بۆ دابینکردنی ئاو لێ ئەدا و بۆ هیچ پەکیان نەدەکەوت و ئازووقەیشیان هەبوو. سەرەڕای هەموو شت (دانی کۆرشاە) نامەی نووسی بۆ سەردارانی وڵات و دەوروبەر بۆ کۆمەك و یاریدە. سپای ئیسلام گەرچی گەمارۆی قەڵاکەی دابوو بەڵام کوردەکان باکیان نەبوو. زۆری پێ نەچوو لە هەموو لاوە هێز هات بەفریای (دانی کۆر شاە)ەوە، ئنجا کە چاوی بە هێزی یاریدە کەوت لە قەڵاکە هاتە خوارەوە بەرەو خۆرهەڵات جما. سیخور و شوفارە تازە موسوڵمانەکان هەواڵی هاتنی هێزی زۆریان دایە خالید، ئەوەشیان تێ گەیاند کە (دانی کۆر شاە) لە قەڵا هاتووەتە خوارەوە. خالید بەپەلە فەرمانی دا بەسەردارانی سپای عەرەب ڕاست و چەپی ئەو هێزانە بگرن. سەرئەنجام شەڕێکی سەخت ڕووی دا، (دانی کۆرشاە) کشایەوە ناو قەڵاکەی و دەرگاکانی داخست و لەسەر کونگەرەکانەوە و لە کەلووەکانی قەڵاکەوە بەبەرد و تیر کەوتنە بۆژەکردنی عەرەب. موسوڵمانەکان ئەو شەوەیان بە گەمارۆی قەڵاکە بەسەر برد.

سەرلەبەیانی زوو خالید زوبەیر و فەزلی گاز کرد و پێی وتن (دانی کوڕ) ئێستا بە هێزەوە لە قەڵاکەی دێتە خوارەوە، ئێوە هەریەك (٢٥) کەسی ئازای دلێری ئاسایی هەڵبژێرن نزیك بە دەرگای دژەکەی خۆتان لە بووسە بدەن کە ئێمە کەوتینە شەڕ ئێوە سەخت لای دەرگاکان بتەنن، کە دانیکوڕ نەتوانێ بەرەو قەڵاکە بگەڕێتەوە. ئەو ڕۆژەش تا ئێوارێ شەڕی سەخت هەر بەردەوام بوو، کە سەرلەئێوارە دانی کوڕ گەڕایەوە بۆ قەڵاکە، لە بووسەکەوە لێی داپەڕین و ڕێی قەڵاکەیان بەست. میقداد لەگەڵ دانی کوڕ کەوتنە شەڕە شمشێر بەڵام هیچ کامیان بەسەر ئەوی ترا زاڵ نەبوو. لەولاوە خالید هێشتا خەریکی کورد قڕان بوو. دانی کوڕ کە زانی هێزی موسوڵمان ڕێگەی قەڵاکەیان تەنیوە، ورەی بەردا و پشتی کردە سپای ئیسلام و ڕووی کردە چیا سەختەکان. لەلایەکی تریشەوە شەڕ تا تاریك داهاتن هەر بەردەوام بوو، هێزێکی ئیسلام لە کوێرەدێیی کەمینیان دانابوو ئێشکیان دەگرت، کە دانی کوڕ بە سپاوە لێیان نزیك بووەوە، لەپڕ لێی داپەڕین و کەوتنە کوشتاری هێزەکەی. لەم شەڕەدا خودی (دانی کوڕ) و پەنجا کەس لە کوردان کوژران[١]. سپای ئیسلام تەنها سێ کەسی لە دەس دا[٢]. ئەو شەوە هەر بە نۆرە گرتن و ئێشك بەسەریان برد، لەگەڵ سپیدەی بەیانا کەوتنە کۆکردنەوەی تاڵان و دەسکەوت، خەڵقی گوندانی دەوروبەر لە ترسان هەموو سەریان شۆڕ کرد. ئیتر سپای ئیسلام کەوتنە ڕێکخستنی کاروباری وڵات و ئامۆژگاریی خەڵك و فێرکردنی ئاینی موسوڵمانەتی و دروستکردنی مزگەوت.

(١) مەلا سەمەد نووسیویە: ئەو گوندەی کە (دانی کوڕ)ی تیا کوژراوە ناوی (هەلاوێژەیە) لەوێ مزگەوتێ دروست کراوە پێی دەڵێن مزگەوتی (عەبدوڵڵا عومەران) مەبەست عەبدوڵڵا کوڕی عومەرە (د.خ) بەڵام وەکو لە پێشدا نووسیمان لە ڕیزە چیاکانی (ئەزمڕ – سورداش)ی سەر بە سلێمانیش گۆڕی (دانی کۆرشاە) هەیە، (ئەگەر داستانەکە ڕاست بێ) دەبێ کوردی بەئەمەك و بەغیرەت لە دواییدا قەدری پاشای خۆیان زانیبێت و مزگەوتیان لەسەر گۆڕەکەی دروست کردبێ.

(٢) سەیرە کە سپای شاڵاوهێنەر تەنیا دوو کەسی لێ کوژرا بێ بەڵام سپای بەرانگاریکار لە وڵاتی خۆیانا کە خۆیان شارەزای هەموو کون و کەلەبەرێك و شیو و دۆڵێك بن قوربانی زۆرتر بدات.

واقدی وتوویە: کە خالید و سەردارانی موسوڵمانان بەسەر (مەرجین و دوگومان و شیدەرە)دا زاڵ بوون و هەموو وڵاتەکەیان داگیر کرد، ئینجا خالید ڕۆژی یەکشەممە ١٣ مانگی ذی العقیدە ساڵی (٢٦کۆچی)[٣] نامەیێکی بۆ پۆستنشینی دووەم (عومەر) نووسی و دوورووددو ڕێز، ئەم باسانەی تیا نووسی و موژدەی سەرکەوتنی بۆ نارد و نامەکەی پێچایەوە و دایە دەست زوبیر کوڕی عەوام و فەرمانی دا بەسپای عەرەب ئەو ناوە بەجێ بهێڵن و ڕوو بکەنە لای خۆرهەڵات کە هەموو شیو و دۆڵ و زوورگ و هەڵەت بوو. لەو ناوەدا گوندێکی زۆر گەورە هەبوو لەپاڵ چیایێکی بەرزدا باغ و باغات و میوەی زۆر بوو، جۆگەلە و کانی ئاو و ئاوی فرە بوو.[٤]

قسەگێڕەوە وتی: هەرکە خەڵقی ئەو دێیە ئێمەیان بەدی کرد خۆیان پڕ چەك کرد و شاڵاویان هێنایە سەرمان. ئێمەش کەوتینە بەرگری لە خۆمان، پاش شەڕ و کوشتارێکی زۆر (زەڕار) هەڵی کوتایە سەر سەرۆکی گوند کە ناوی (کەرا کەروی)[٥] بوو، ڕمێکی لێ دا کوشتی . خەڵقی گوندەکە کە دیتیان سەرۆکەکەیان کوژرا شڵەژان و پشتیان کردە ئێمە و ڕایان کرد. ئێمە گوندەکەمان تاڵان کرد هەرچی عەماری میوەی وشکیان هەبوو هەموومان پێچایەوە و بردمان.

---

(٣) وەك لەبەرا نووسیبووم مەلا عەزیز واعیزی و مەلا سەمەد و مەلا ڕەئووف، نەیانزانیوە کە واقدی شیعە بووە، ئەو ساڵەکانی لە (بعثت)ەوە ژماردووە نەك لە کۆچەوە بۆ مەدینە، ئەو حەلە خالد سەردار سپای نەبووە. هەروا ئەوەشیان نەزانیوە کە ئیمامی عومەر (د.خ) ساڵی ٢٣ کۆچی بەدەستی ئەبولوئلوئە کوژراوە. من باوەڕ ناکەم ئەم هەموو ئەفسانەیە هی واقدی بێ، وا دیارە مەلایێکی کوردی نیمچە خوێندەوار یا کولکە مەلا، ئەم مەتەڵانەی ڕێك خستووە، بۆ خەڵکی خوێندوەتەوە لە مزگەوتا.

(٤) مەلا سەمەد نووسیوە ئەو جێگەیە (هێرۆ)یە.

(٥) مامۆستا مەسعوود نووسیویە: لە کوردستانا دەماودەم وا قاوە ئەو پاڵەوانەی کە لە دێی (هێرۆ) شەڕی لەگەڵ موسوڵمانان کردووە ناوی (گورنەل) بووە. ئەوەی ڕاستی بێ منیش بە منداڵی لە چیرۆکی بەر ئاگردانا گوێم لێ بووە کە پاڵەوانێکی کورد ناوی (گورنەتەڵە) بووە.

قسەگێڕەوە (عەبدوڵڵا کوڕی عەتیە)[٦] وتی: ئەو شەوە تا سبەینێ لەوێ ماینەوە. ئنجا خالید فەرمانی دا سپا بجمێ بەرەو بانە بەرزەکان، کە سەرکەوتینە سەر چیاکان دیمان هەموو مێرگ و لەوەڕە و زەوی و زاری بژوێن و ئاووهەوای خۆشە، سپا بەزی. سێ ڕۆژی تەواو ڕەوەی چوارپا و بەرزەمان بەرەڵای پاوەنەکان کرد. ئنجا خالید نامەی نووسی بۆ خەڵکی (سوسان)[٧] داوای لێ کردن: یا موسوڵمان بن، یا سەرانە بدەن، کە نامەکەیان پێ گەیی سەرجەم ڕوویان کردە بارەگای خالید و سەریان بۆ ئیسلام شۆڕ کرد. خالید بەوپەڕی دڵسۆزی و میهرەبانییەوە لەگەڵیان جوڵایەوە و بۆ پڕوپۆغانده باج و پیتاکی دوو ساڵی بێ پەخشین.

قسەگێڕەوە ئەڵێ: خالید پرسیاری لە خەڵکی گوندی (سوسان) کرد، لەم وڵاتەدا ئیتر کەسێ ماوە بتوانێ سەرپێچی بکات و بەرامبەر بە موسوڵمانان ڕاستەوە بێت؟ وتیان: شارێکی بچووك هەیە ناوی (شەهبارە)[٨] پادشاکەی ناوی (جاسومەیە)[٩]. خالید فەرمانی دا سپا نزیك بەو شارە بچکۆلەیە خەرگا و خێوەتی هەڵدا. (واثیلە کوڕی ئەسقەع) وتویە: خەڵقی ئەم شارۆڵکەیە هەڵمەتیان داین، ئێمەش بەرگریمان کرد کەوتینە شەڕ تا ئێوارە. لەپڕ (میقداد) جاسومی کردە چاو و هەڵی کوتایە سەری، ڕمێکی لێ دا لەسەر سنگی و لە پشتیەوە دەرچوو. کە خەڵکی (شەهباری) پادشای خۆیان بە گورگانخوار دی هەڵاتن. کە دیلەکانیان هێنایە بەردەم خالید داوای لێ کرد موسوڵمان بن. پەسەندیان نەکرد بۆیە فەرمانی دا بەسپای ئیسلام قڕیان تێ خستن، هەموویان دایە بەر شمشێر[١٠] ئینجا چوونە

---

(٦) عەبدوڵڵا کوڕی عەتیە ناوێکی وەهام لە فەرهەنگ و لەناو یارانا نەدۆزییەوە.

(٧) سوسان، مامۆستا مەسعوود ئەڵێ هەم بە شکڵ و هەم بە شوێن، (سوێسنی)ی ئێستە دەگرێتەوە کە عەشیرەتۆکەیێکە بەو ناوەوەیە.

(٨) مەلا سەمەد نووسیویە: ئەم شەهبارەیە دەبێ لە جێی ئێستەی شارۆڵکەی (سەردەشت) بێت.

(٩) جاسومە: ناوی وەهامان لە فەرهەنگەکانا و لە مێژووەکانا پەیدا نەکرد.

(١٠) کوشتنی دیل و منداڵ و پیرەپیاو و پیرەژن لە هیچ یاسایێکی ئاینی و مرۆڤایەتییا دروست نەبووە و دروست نییە.

ناو (شەهبار)ەوە هەموویان تالان کرد و چەند ڕۆژێ لەوێ مانەوە. خەڵقی دەوروبەر لە ترسا هاتن هەموویان موسوڵمان بوون. واقدی وتوویە: یەکێ لە خەڵقی (یەمەن) کە خۆی لەو شەڕەدا بوو گێڕایەوە: کە لە نێوان (سوسان) و (هولان)دا(١١) چیایەکی بەرز هەبوو دێیەکی لە پالا هەبوو ناوی (بێجان)(١٢) بوو، دانیشتوانەکانی بڕیاریان دا بە ئاشتی لەگەڵ هێزی ئیسلام ڕێك بکەون. دەستەیێ پیر و پاتاڵیان نارد بۆلای موسوڵمانەکان و داوای چەند کەسێکیان کرد بۆ ئەوەی ڕێی ئاینییان پێشان بدەن. پیر و پاتاڵەکان دیارییەکی باشیان برد و چوونە لای خالید کە لەو حەلەدا لە (شەهباری) بوو. خالید دوو کەسی لەگەڵ ناردن بۆ ئامۆژگاری و فێرکردن، دوو کابراکە ناویان: عومەری کوڕی عەدی تائی و سەعد کوڕی سەعیدی ئەزدی بوو. ئەو دوو یارە لەگەڵیان چوونە بیجان کە ئاواییەکی زل بوو، شەو لەوێ بوون و سبەینێ خەڵقەکەیان کۆ کردەوە و باسی ئاینی ئیسلامیان بۆ کردن و قورئانیان بۆ خوێندن. خەلقەکە دایانە کورکەی گریان، گریانی درۆ. یاران تەنها چوار شەو لەوێ مانەوە، شەوی پێنجەم خەڵقی گوندەکە هەڵیان کوتایە سەریان و هەردووکیان کوشتن و لاشەکانیان خستە چاڵێکی قووڵ لەبن گوفەکێکا و بڕیاریان دا ئەگەر نمایەندی سپای ئیسلام لەم بارەوە لێیانی پرسی بڵێن گەڕانەوە بۆ حیجاز.

قسەگێڕەوە وتی: هەر ئەو شەوە عەبدوڵڵا کوڕی عومەر لە خەودا دیتی: کە عومەر(١٣) و سەعد بە کەناری زریەیێکەوەن هەندێ جانەوەر و دڕندە شاڵاویان بۆ

(١١) مامۆستا مەسعوود نووسیویە: بەهۆی سوێسنی و بێژویوە جێگەی (هیولان) پەیدا ئەکرێ.

(١٢) بیجان، مامۆستا مەسعوود نووسیویە: لە دەسنووسێکی ترا (بیجورە) نووسراوە کە دەکاتە بێژوێ.

(١٣) لە نوسخەکەی لای مەلا ڕەئووف و محەڕەم ناوەکە بووە بە (بشر) لەگەڵ ئەوەشدا باسەکە هەر لە بناغەوە درۆیە بەڵام عومەر کوڕی سەعد لەلایەن (عوبەیدوڵڵا کوڕی زیاد نێردراوە بۆ شەڕی دەیلەم، پاشان کراوە بە والیی شاری (ڕەی)، پاش ئەوە هێنرایەوە بۆ کوفە بۆ شەڕ لەگەڵ ئیمام حوسەین. عەمریش کە کوڕی سەعید ناوە معاویە کردی بە والیی شاری مەکە و مەدینە، ئەوە و پاشان لە عەبدولمەلیك =

ئەبەن و پارچە پارچەیان ئەکەن و خستیاننە ناو ڕووبارەکەوە. عەبدوڵڵا لە ترسا لە خەوا ڕاپەڕی و چوو خەوەکەی بۆ خالید گێڕایەوە. خالید چەسپییە دڵی کە خەڵقی گوندەکە خیانەتیان کردووە و دەسیان لێ وەشاندوون، جا فەرمانی دا بە عەبدوڵڵا کە لەگەڵ ٥٠٠ سوار بڕوات بۆ ئاواییی (بیجان) بۆ لێکۆڵینەوەی باسەکە. عەبدوڵڵا شەو کەوتەڕێ، بۆ بەیانی زوو گوندی بیجانی گەمارۆ دا، خۆی و چەند کەس چوونە ناو گوندەکەوە، هەواڵی دوو ئەسحابەکەیان پرسی، خەڵکەکە لە وەراما وتیان: بەبێ پرس و ڕەزامەندیی ئێمە گوندەکەیان بەجێ هێشت و گەڕانەوە حیجاز. (غەیاس کوڕی موسلم)(١٤) وتی: بە بیرما هات کە خەڵقی گوندەکە دوو سەحابییەکەیان کوشتووە و لە چاڵێکا شاردوویانەتەوە، بەر لە هەر پشکنینی چاڵ و چۆڵ جارێ (سەرگوردانەکەمان) هەڵدڕی، لاشەکانمان دۆزییەوە و ناشتمانن و لەسەر ئەم تاوانە هەڵمان کوتایە سەر خەڵقی دێیەکە. پەنجا (٥٠) کەسمان لێیان کوشت و ماڵ و سامانی هەموومان تالان کرد. خەڵکەکە کەوتنە داد و فەریاد و (ئەلئەمان). ئینجا لەسەر فەرمانی عەبدوڵڵا مزگەوتێکمان بەسەر گۆڕەکانەوە دروست کرد و هەڕەشەمان لێ دان ئەگەر بێت و جارێکی تر هەوڵی ئەوە بدەن کە گۆڕەکان هەڵبڕن و لاشەکانیان دەربکەن ئەوا هەم خەڵقەکە قەلاچۆ ئەکەین هەم گوندەکە ئەسووتێنین. ئنجا گەڕاینەوە بۆ (شەهباری) بۆ لای خالید، کە لەو حەلانەدا چاوەڕوانی (قەعقاع) بوو کە بە فەرمانی (ئەبو عوبەیدە) هاتبوو بۆ شارەزوور. ئەوەبوو کە پۆستنشینی دووەم عومەر فەرمانی دا بە ئەبو عوبەیدە: کە پاش داگیرکرانەکەی شام و عیراق سپاکەی ژێردەستی بکاتە دووبەش، بەشێکیان لەژێر فەرماندەی خالیددا بێت ئەو بەشەکەی بخرێتە ژێر فەرمانی قەعقاع. (١٥).

---

= کوڕی مەروانی ئەمەوی یاخی بوو، شامی داگیر کرد و ماوەیێ نازناوی خەلیفەی درایێ بەڵام عەبدولمەلیك بەسەریا زاڵ بوو کوشتی. ئەمانە لە شەڕی کوردستانا نەبوون.

(١٤) لە نوسخەکانی مەلا ڕەئووف و محەڕەم و مەلا سەمەددا ناوەکە عەباس کوڕی موسلمە.

(١٥) سەرنجی ئەو پەڕاوێزانە بدەن کە لەسەر دیباچەکەی (مەلا عەبدولعەزیزی واعیزی) نووسیومە، لەوێ باسی سەرگوزەشتی قەعقاع و زۆر لەو یارانە کراوە.

## باسی شارەزوور

قسەگێڕەوە وتوویە: خەڵقی ئاوایی و گوندەکانی شارەزوور چونکە هەموویان خێوی ئاژەڵ و سامانی زۆر و شوانکارەبوون، لەبەر دەوڵەمەندی شەڕیان پێ نەئەکرا. بەم هۆیەوە (قەعقاع)[1] توانی هەموو خاکەکە بە ئاشتی و بێ شەڕ داگیر بکات. بەڵام لەبەر ئەوەی هەرێمەکە قەڵەباڵغ و پڕ لە جۆگەلە و ڕووبار و زەلکاو بوو سپای عەرەبی ئیسلامی نەیتوانی لەوێ لەشکربەز بکات، ڕوویان کردە شاری (قەرەجلون)[2] کە لەژێر فەرمانی پادشایێکی نەزانی گەوج(؟)دا بوو. قەعقاع بە تیر و (خەرصاء)ەوە چوو لە جێی بەرامبەر بەو شارە پایتەختە سپابەزی کرد و چادر و خێوەت و خەرگایان هەڵدا. خەڵقی شاری قەرەجلون کە چاویان بە سپای عەرەب کەوت لە حەژمەتا لەرزیان لێ هات هاواریان برد بۆ پاشای خۆیان، کە ناوی (جاجور = گاگور) بوو[3]. لەگەڵی کەوتنە ڕاوێژ و پێیان وت ئێمە وا بەباش ئەزانین بێ شەڕ و هەرا لەگەڵ سپای عەرەب ڕێك بکەوین و پەیڕەوی ئاینەکەیان بکەین. بەڵام جاجور شاه وتی: سپای شاڵاوهێنەر عەرەب و پەستن جێی باوەڕ نین. ژمارەشیان کەمە ئێمە هێزمان لەوان زۆرترە نابێ سەریان بۆ دانەوێنین، ئەمەندەی وت و فەرمانی دا بە سپا کە هێز لە شار دەربچن بۆ بەرانگاریی شاڵاوی عەرەب.

---

(١) قەعقاع نەگەییوەتە شارەزوور، ئەو لەو حەلەوانەوە بەرەو دینەوەر – نەهاوەند چووە، تەماشای سەر گوزەشتی بکە کە لەبەرا تێ پەڕیوە.

(٢) قەرەجلون بێ یا قەڵاچوڵان، لە سەرەتای ئیسلامیدا ناوی وەها نەبووە، ناوی (قەرە)ی تورکی لە دەورانی سەلجووقی بەدواوە پەیدا بووە، قەڵاش کە لە قلعەی عەرەبییەوە هاتووە دوای گەیینی ئیسلام بۆ کوردستان پەیدا بووە. بەڵام خودی ناوی شارەزوور کۆنە و هی هەزاران ساڵە. (تەوفیق وەهبی) دەربارەی ناوی شارەزوور سییارەیێکی بەنرخی نووسیوە

(٣) جاجور (گاگور) ناوێکی وەهامان لە فەرهەنگەکانا و لە مێژووە کۆنەکانا پەیدا نەکرد.

واقدی وتوویە: هەردوو سپا بەرامبەر بەیەك وەستان و ئامادەی شەڕ بوون. لەشکری (خەرصاء)ی قەعقاع ٦٠٠ سوار بوون. کەوتە هاندانیان، وتی: یارانی پێغەمبەر ئێوە سپای دەوڵەتی ڕۆمتان شکاند، سپای دەوڵەتی یەزدگوردی ساسانیانتان تارومار کرد و لە تیسفون وەدەرتان نان، هەردوو دەوڵەتتان لە وڵاتەکان بێ بەش و بەهرە کرد، ئێوەی نەترس و نەبەز نابێ لە مشتی هێزی (جاجور شاه) بترسن. ئەو ڕۆژە تا نیوەڕۆ سپای کوردی (جاجور شاه) مەردانە پێی لەزەوی توند کرد وەك کێو نەجولا، شەڕی سەختی درێژە پێ دا. بەڵام پاش نیوەڕۆ (قەعقاع) خۆی جاجور شای لەناو سپاکەدا بەدی کرد. جا هەڵی کوتایە سەری و ڕمێکی لەسەر سنگی دا لە پشتییەوە دەرچوو و کوشتی. هەر کە سپای کورد پادشای خۆیان دیت لە خۆڵا ئەگەوزایەوە، ورەیان بەردا و پشتیان کردە سپای ئیسلام. ئینجا سپای عەرەب کەوتنە کوشتاری خەڵق و تاڵان و بڕۆ. هەندێ لە کوردانی شارەکە ناچاری خۆیان دایە دەستەوە، جاڕی موسوڵمانەتییان دا، ئەودوویان وڵاتەکەیان بەجێ هێشت و هەڵگەڕانا چیاکانا. ئینجا قەعقاع بەهێزی (خەرصاء)ەوە ڕووی کردە چیا و شیو و دۆڵەکانی کوردستان و هەموو شارەزووری داگیر کرد. ئینجا بەرەو ئاڵان[٤] کەوتەڕێ، بەرەو لای خالید کە لەو حەلەدا لە (شەهباری) بوو لە هەرێمی سوسیانی، لەوێ گوزارشی سەرکەوتنی دا بە خالید. بۆ سبەینێ کە سپیدەی بەیان دەرکەوت، خالید نوێژی بە سپای ئیسلام کرد و پاشان کردنی بە چوار بەشەوە: هەزار سواری خستە ژێر فەرمانی زەڕار کوڕی ئەزوەر، هەزار سواری خستە ژێر فەرمانی میقداد، خودی قەعقاعیشی هەر بە فەرماندەییی (خەرصاء) هێشتەوە، کە ژمارەی دوو هەزار بوو[٥]. ئنجا فەرمانی دا بە زەڕار ڕوو بکاتە هەرێمی (ربەط)، پاش ئەوە هەردوو هێزەکەی تریش بە فەرماندەییی میقداد و قەعقاع کەوت نەڕێ. پاش ئەوە خالیدیش خۆی

(٤) ئاڵان، ناوچەیێکی پەرت و بڵاوە ئەکەوێتە نێوانی (ماوەت – سەردەشت)، بریتییە لە چەند گوند، ناوەکە کوردییەکی پەتییە، واتا بنەبان و لاپاڵ و شیو و دۆڵی ناو زوورگ و هەڵەت، پێوەندیی لەگەڵ (ئالان = ئەران)دا نییە.

(٥) لە پێشدا وتی تیپی خەرسا (٦٠٠) سوار بوون.

بە دوایانا کەوتەڕێ و پاش ئامۆژگاریی موسوڵمانان وتی: ئینجا خۆتان ئامادە بکەن بۆ شەڕ لەگەڵ پەرستارانی ئاگر و شەیتان. سەرانی ئیسلام بە هێزەکانیانەوە لە زێ پەڕینەوە بەرەو (ڕەبەط). لە سەرەتادا چوون بەرەو گوندێکی گەورەی چڕوپڕ، لەمەوبەر پادشای ئەم ناوە کابرایێ بوو ناوی (قەیرەوان)[٦] بوو، چووبووە فریای مالك ئەژدەر و لەوێ لە مەرگە کوژرا بوو، یەکێکی تر لە جێی ئەو بووبوو بە پادشاه، کە زۆر فێڵباز و ئازابوو، هەرکە هەستی بە شالاوی سپای عەرەب کرد هێزەکانی خۆی ئامادە و پڕچەك کرد، جاڕی دا کە خەڵقی وڵات سەرجەم بڕیاریان وایە تا دواترین هەناسە بجەنگن، دوا تنۆکی خوێنی خۆیان لە ڕێی وڵاتا بڕێژن و پشت نەکەنە دوژمن. سپای کورد و سپای عەرەب بەرانگاری یەك بوونەوە و شەڕ گەرم بوو، زەڕار لەلایێك و میقداد لەلایێك و قەعقاع لەلایێك و خالید بەدوای هەموویانا شالاویان کرد و شەڕەکە سەخت بوو، کوشتارێکی زۆر لە هەردوو لا کرا. سەرئەنجام زەڕار خۆی گەیاندە پادشای (ڕەبەط) و شیرێکی دا لە ڕەپی ملی و کوشتی، جا سپای کورد زەندەقی چوو بڵاوەی لێ کرد. فەرماندەیانی ئیسلام هەریەکەیان هەڵی کوتایە سەر یەکێ لەو پادشا و سەردارانەی هاتبوونە فریای سپای کوردی (ڕەبەط)[٧]. ئنجا شارەکەیان گرت و هەموویان تالان کرد.

(٦) قەیرەوان، قەیوان، ئەم ناوانەش هی دەورانی ئەو تورکانەن کە ئێران (کوردستانیان) داگیر کردووە.

(٧) ڕەبەط، وا دیارە مەبەستی مەنگوڕایەتی بێت.

## باسی داگیرکردنی ئازەربایجان

قسەگێڕەوە وتوویە: پاش ئەوەی خالید شەهبارە و رەبەتی داگیر کرد فەرمانی دا بە سپای ئیسلام بجمیٚ بەرەو (ساجبلاغ)[1]. لەو حەلەدا پادشای ئەو ناوە ژنێکی جوان بوو ناوی (ئەرجانوسە)[2] بوو لە بنەماڵەی (بەردراس)[3]ی فەرمانڕەوای ساوجبلاغ و موکریان[4] بوو. گۆیا باوکی کابرایێکی داوێن پیسی ستەمکار و بەد و خراپکار بووە. (حەنزەلە)[5] پێغەمبەری ئەو ناوە بووە، ئامۆژگاریی زۆری کردووە سوودی نەبووە، کە بیستوویە سپای عەرەب شالاوی هێناوە هەموو پیاوماقوڵانی

---

(١) ساوجبلاغ (صوغوق بولاق) – واتا (کانی سارد) ئەم ناوە لە وڵاتی موکریانا پاش دەورانی شاە ئیسماعیلی سەفەوی پەیدا بووە، بۆ زانینی ئەم باسە بە قووڵی سەرنجی کتێبی فەرمانڕەواییی موکریان بدەن کە من نووسیومە، لەوەبەر لەو هەرێمەدا تەنیا ناوی (دەرباس = دەرباز) لە دەورانی مەغۆلدا هەبوو.

(٢) ئەرجانوسە ناوی وەهامان لە مێژووەکان و فەرهەنگەکانا پەیدا نەکرد و قەعقاعیش ژنی بەم ناوەی نەبووە.

(٣) بەردراس، ناوی بنەماڵەی وەهامان لە کوردستانا، نە لە مێژووی کۆنا و نە لە فەرهەنگەکانا پەیدا نەکرد.

(٤) موکران، یا، موکریان، لە سەرەتای ئیسلاما ئەم ناوە تۆمار نەکراوە بۆ زانینی تەواو سەرنجی کتێبی فەرمانڕەواییی موکریان بدەن.

(٥) حەنزەلەی کوڕی سەفوان بەپێی درۆی ئەوانەی کە (قصص الانبیاء)یان نووسیوە، گۆیا پێغەمبەری عێلەکانی (ڕس) بووە لەو عەرەبانەی کە بنەچەیان براوەتە (بائدە) لە نەتەوەکانی (عاد و ثمود). وا دیارە ئەو مەلا گەمژەیەی کورد کە ئەم کتێبەی بەناوی واقدی داناوە ئەوەی بە خەیاڵا نەهاتووە کە واقدی زۆرباش نەتەوەکانی (عاد) و (ثمود)ی ناسیوە و زانیویە ئەمانە لە وڵاتی مەغرب ژیاون نەك لە وڵاتی کوردستان. بەڕاستی سەیرە نە مەلای واعیزی، نە خێڵی مەلا سەمەدی مەرگەیی نە مەلا ڕەئووف. تا بگاتە کاك مەسعوودیش کە زۆر پەراوێزی بۆ باسەکان نووسیوە، بە خەیاڵیانا نەهاتووە بۆ چ پێغەمبەری وڵاتی کوردستان ناوی گووژاڵك (حنظلە) بێت؟

وڵاتی کۆ کردووەتەوە بۆ ڕاوێژ. سەرئەنجام بڕیاریان داوە کە بەرگری لە وڵات بکەن، مەیدان نەدەن بە دوژمن بگاتە سنووریان. بۆ بەرگری سپایێکی سی هەزار کەسییان خستە مەیدان. سپاکەی خالید ٦٠٠٠ هەزار کەس بوو. سپای عەرەب شاڵاوی هێنا شەڕ و هەرا گەرم بوو، بە شیر و تیر و ڕم و گورز تێك ڕژان و کوشتاریان لە یەك کرد تا ماندوو بوون، لە سپای کورد (٢٠٠) کەس کوژران و لە سپای عەرەب (٥) کەس[٦]. ڕۆژی دووەم خالید سەرلەبەیانی زوو پاش نوێژ فەرمانی دا بە شاڵاو. سپا لە چوار لاوە هێرشیان برد: قەعقاع بەتیپی خەرسائەوە و میقداد بە هێزی خۆیەوە و عەبدوڵڵا کوڕی عومەریش بە تیپی خۆیەوە، لە دوای ئەوانیشەوە خالید بەودوای سپاوە هێرشیان برد و کەوتنە شەڕ جگە لە کوژراو (٢٦٠٠) کەسیان لە سپای کورد بەدیل گرت، ئنجا زەڕار هەڵی کوتایە سەر (ئەرجانوسە) و بەدیل گرتی. لە تاوانا سپای کورد و عەجەم، تەنانەت ئەوانەی کە بەفریاوە هاتبوون، ورەیان بەردا و پشتیان کردە شەڕ و هەڵاتن، سپای عەرەبی ئیسلام ڕاویان نان لە ترسان خۆیان خستە زریەی شۆر[٧] هەندێکیان خنکان و هەندێکیان بەدیل گیران کە ژمارەی ئەمانیش (٢٥٠٠) کەس بوو. قسەگێڕەوە وتوویە: پاشان سپای عەرەب کەوتنە تاڵان و ڕاووڕووتی وڵات (انفال) و ناو شاری (ساجبلاغ). خودی خالیدیش فەرمانی دا بە کوشتنی ئەو دیلانەی موسوڵمانەتییان پەسەند نەکرد. بەڵام خەڵکی دێهاتەکانی دەوروبەر یا موسوڵمان بوون، وەیا سەریان شۆڕ کرد بۆ سەرانە. ئنجا خالید پەیمانی لەگەڵ بەستن.

ئنجا با بێینە سەر باسی (ئەرجانوسە) کە هێنایانە لای خالید، سەیری جوانیی ئەوی کرد سەری سوڕما، کەوتە دڵدانەوەی و داوای لێ کرد موسوڵمان ببێت. ئەرجانوسە ئاینی ئیسلامی پەسەند کرد و موسوڵمان بوو، ئنجا خالید سەرپشکی

(٦) زۆر سەیر و جێگەی گومانە لە سپای شاڵاوهێنەر تەنها (٥) کەس بکوژرێن، بەڵام لە هێزی نیشتمانیی وڵاتپارێز (٢٠٠) کەس کوژرا بێ، وا دیارە لەناکاو هەڵیان کوتاوەتە سەر شارەکە و خەڵقەکەیان قڕ کردووە. بێ جیاوازی لە نێوان پیر و پاتاڵ و منداڵ و ئافرەت؟

(٧) گۆلی (ئورمیە) لە سەرەتادا بە (کەبودان) و (چیچەست) ناسراوە ڕەنگە ئەوانەی ئاویان خواردبێتەوە خۆیان ئەم ناوەیان پێوە نابێ.

کرد لەناوسەردارانی ئیسلاما یەکێك پەسەند بکات و شووی پێ بکات، ئەویش (قەعقاع)ی پەسەند کرد و شووی پێ کرد[٨]. پاش ئەوە بەشی زۆری کورد و عەجەمی و ئەو ناوە موسوڵمان بوون.

قسەگێڕەوە وتویە: لەوەبەر سەعد کوڕی ئەبو وەقاس خاکی نیشاپور و[٩] نەهەمشیر و[١٠] شارانی تری تا نەهاوەند داگیر کردبوو. خالیدیش لە موسڵەوە تا ئورمانی[١١] بەنیوە شەڕ و ئاشتی داگیرکردبوو، یەکێ لەو شارانە (بانە) بوو[١٢].

(٨) ئەم هەواڵانە سەرتاپا پێچەوانەی مێژووە، نە قەعقاع هاتووە بۆ هەرێمی کوردستان و نە ئافرەتێکی ئەجانووسە ناو پادشای کورد بووە و نە قەعقاع ژنی کوردی هەبووە.

(٩) واقدی لە فتوح الشام لا٣١ ب٢ ناوی (نەشاور)ی هێناوە، کە ناوی وەهامان دەس نەکەوت و مەبەستی (نەهاوەند) بووە.

(١٠) دوور نییە مەبەستی (بەهمەن شیر) بێ کە بەشێ بوو لە شارەکانی تیسفون (مدائن) پایتەختی کۆنی ساسانی، یا (نەمەشیر)ی لای بانە.

(١١) لە پەڕاوێزەکانی بەراییا کە لەسەر دیباچەکەی مەلا عەبدولعەزیز واعیزی نووسیویە ڕوونم کردووەتەوە کە خالد تاکەی سەرداری سپای ئیسلام بووە و چۆن خەلیفەی دووەم عومەر (خ.خ) خانەنشینی کردووە. مەبەستیش لە ئورمانی وا دیارە هەر ئورمیەیە کە لەم دواییەدا رەزاشا ناوی خۆیی بەسەرا بڕیوە و کردوویە بە (ڕەضائیە).

(١٢) بانیج، ئەم ناوە لە مێژووە کۆنەکانا نەهاتووە، مەلا سەمەد نووسیویە مەبەست (بانە)یە. لەناو گەلی کوردا ئەفسانەیێ هەیە ئەوترێ (بانەیی سەحابەکوژ) ڕەنگە ئەم ناتۆرەیە هەر لە درۆ و دەلەسەی ئەم کتێبەدا پەیدا بووبێ، حەمە ڕەئووف تەوەکولیی دۆستی کۆنم بە فارسی کتێبێکی نووسیوە بە ناوی (تأریخ تصوف در کوردستان) لە لاپەڕە ١٤٩ – ١٥٠دا ئەم ئەفسانەیەی هەر لەم کتێبەی مەلا (عبدالعزیز واعظی)یەوە وەرگرتووە بێ ئەوەی تۆزێك زەحمەت بەخۆی بدات و سەرنجێکی کتێبە مێژووییە کۆنەکان بدات بزانێ باسێکی وەها تۆمار کراوە یا نە، جگە لەمە هەر خۆی ئەفسانەیێکی تری تۆمار کردووە، گۆیا میرانی (ئیختیارەدینی) بانە چونکە بێ شەڕ و هەرا ئاینی ئیسلامیان پەسەند کردووە لەبەرئەوە نازناوی ئیختیارەدینییان پێ دراوە. دیسانەوە لەوە نەفکریوە کە ئەم نازناوە دەبێ هی بنەماڵەیێ بێت، لە ئەفغانستانەوە هاتبێ و کەوتبێتە کوردستان.

## باسکردنی داگیرکردنی ئورمیه

واقدی وتوویه: پاش ئەوەی خالید کوردستان و ئازەربایجانی داگیر کرد سپای ئیسلام هەموو لە ئورمانی(١) کۆ بوونەوە. سپای کورد و عەجەمیش لە دەوری (خۆش قەدەم)ی پادشای ئورمانی کۆبوونەوە سەرباری ئەو سەردار و پادشایانەی کوردستان کە هەموو هەڵاتبوون و خۆیان دابووە پاڵ خۆش قەدەم(٢). ئەم پادشا کوردە کە بیستی سپای ئیسلام بەرەو ئورمییە هاتوون، چووە ناو خەڵقەکە و کەوتە دووان. وتی: هەمووتان دەزانن کە پادشایانی عەجەم و فارس سەرجەم وڵاتانی خۆیان لەدەس داوە، خاك و نیشتمانیان کەوتووەتە ژێر چنگی عەرەب. تەنیا ئەم تۆزە خاکە ماوە دوژمن بەسەریا زاڵ نەبووبێ. جا دەبێ هەموو لایێ کەمەر بەستەبین و بە سەروماڵ و گیانمانەوە سەرسپردەی خاکی نیشتمانەکەمان بین و تا دوا هەناسە لە رێی ئازادیدا بجەنگین. هەر لەم کاتەدا خالیدیش لەگەڵ یاران کەوتبووە وتوێژ و وتبووی: یاران ئێوە وڵاتی ساسانییان و رۆمییان و کوردستانتان هەموو داگیر کردووە ئەم تۆزە خاکە ماوە لە دەس ئێوە یاخی بوون، مەیدانیان مەدەن. جا سەرانی سپا (عەبدوڵڵا، میقداد، زەڕار، قەعقاع) هێزەکانیان خستەڕێ بەرەو مەیدان، تێك ڕژان، هاڕەی کەڕەنا و گرمەی دەهۆڵی سپای تێکەڵی کورد و عەجەم و فارس ئەگەیشتە کەشکەڵانی فەلەك. لەم

---

(١) بە قسەی مەلا سەمەد مەبەست لە ئورمانی ئورمیەیە، ئەم شارە ئێستە پایتەختی ئازەربایجانی لای خۆرئاوایە. لەناو شارەکەدا کورد، تورك، فارس، ئاشووری، ئەرمەنی هەیە بەڵام دەوروبەر هەمووی عێل و خێڵی کوردە، هەروا تورکی قەرەپاپاغ و قزڵباشە.

(٢) لە مێژووی کۆنی دەورانی ئیسلامیدا و پاشتر، جگە لە یەکێك لە پادشایانی چەراکسەی میسر کە ناوی (ناسر خۆش قەدەم) بوو و جگە لە هەندێ خانمی خانانی لوڕستانی ئەم دواییە هیچ کەس ناوی یا نازناوی خۆش قەدەم نەبووە، دیارە ئەوە درەنگ بۆ کتێبەکەی واقدی هەڵبژێردراوە.

کاتەدا پادشای مازندەرانیش[٣] بەچل هەزار سوارەوە هات بۆ فریای خۆش قەدەم. خالید کەوتە هاندانی لەشکر وتی: موسوڵمانەکان ورە بەر مەدەن، زۆریی دوژمن بۆ ئێوە بایەخی نییە، ئێوە لە شەڕی (بەدر)دا (٣١٣) کەس بوون، لە شەڕی (یەرمووك)دا چەند هەزارێ بوون، بەرامبەر بە سەدان هەزار سەربازی ڕۆم، لە هەرێمی عیراقدا چەند هەزار سوارێ بوون بەرامبەر سپای هێژای کیسرا و فیلەکانی. گەلاڵەی قسە ئەو ڕۆژە هەتا ئێوارە شەڕ بوو و ئەبو عوبەیدەش هێزێکی نارده فریای خالید. ڕۆژی دووەم دیسان شەڕ دەستی پێ کردەوە و تێك ڕژان، لەناکاو (ئەنەس کوڕی مالیك)[٤] هەڵی کوتایە سەر خۆش قەدەم، بەرم لە ئەسپەکەی دا و کەوتە خوارەوە. پەلاماری دا و گرتی و سەری بڕی. کە سپای ئورمانی دیتیان خۆش قەدەم بە چ دەردێ چوو، لە تاوا ورەیان بەردا، شکان و بڵاوەیان لێ کرد. سپای ئیسلام وڵاتەکەیان تاڵان کرد و خالید نامەی نووسی بۆ ئیمامی عومەر (خ.خ)، مژدەی سەرکەوتن و دەسکەوتی تاڵان و (انفال)ی دایێ. ئەنجا کاروانی تاڵانی خستە ڕێ. ئا بەم جۆرە خالید و سەعد عیراق و کوردستانیان داگیر کرد.

(٣) مازەندەران، ئەمڕۆ یەکێکە لە ئوستانەکانی ئێران، ئەکەوێتە نێوان (گەیلان، تاران، خوراسان، تورکمەنستان). لەسەرەتای ئیسلاما لەلایەن سیهبودەکانەوە ئیدارە ئەکرا، تا سەدەی سێیەم خودی ئیسلام نەگەییووە ئەوێ.

(٤) پێشتر نووسیمان کە (ئەنەس کوڕی مالیك) لە ماڵی پێغەمبەرا خزمەتچی بووە، پاشان بەوە ناسراوە کە فەرمایشت (حدیث)ی ڕوایەت کردووە، پیاوی شەڕ نەبووە و کوردستانی نەدیوە، لە مەدینەوە گەڕاوەتەوە مەکە و لەوێ ماوەتەوە.

## باسی بانیج

مێژوونووسان وتوویانە: شاری بانیج[١] بە ئاشتی لەگەڵ سپای ئیسلام ڕێك کەوتن. سپای عەرەبی ئیسلام بەوە زۆر دڵخۆش بوون کە کوردان داوایان کرد بیست کەس لە سەحابە لەوێ بمێننەوە فێری ئاینی ئیسلامیان بکەن. لەو حەلەدا کە خالید لە ئورمیە لە شەڕدا بوو خەڵکی بانە نهێنبڕییان کردبوو هەر بیست یارانیان (صحابة) کوشتبوو. کە ئەم هەواڵە گەیشتە خالید زۆر خەمگین و زویر بوو، بەپەلە بەشێ لە سپاکەی بەسەرداریی (ئەنەس کوڕی مالیك) لە گوندێکی نزیك ئورمیە بەجێ هێشت ئەو بەشە کە جمان بەرەو بانیج بەپێشداریی خۆی و فەرماندەیی سەرداران (قەعقاع، عەبدوڵلا، میقداد، زەڕار) کە گەیشتنە شارەکە و گەمارۆی دا فەرمانی دا بە کوشتنی هەموو خەڵقەکە و تالانی سەروماڵیان[٢]. پاش ئەوە بەسەر (رەبەط)دا گەڕایەوە بەرەو عەرەبستان. بەڵام ڕێی دوگومانی گرت نەك ڕێی (شیدەر و مەرجین). ڕێگەکە بەسەر سیماقولی[٣]دا ڕائەبورد، خەڵکی سیما قولی کە بیستیان سپای عەرەب بەرەو سیما قولی دێت خۆیان لەناو باغ و جەنگەڵ و چیا و دۆڵەکانا شاردەوە. هانی ژنانیان دا کە ڕووتوقووت لەسەرە ڕێیان بوەستن، چونکە بیستبوویان کە موسوڵمان دڵپاك و

(١) ئەوی ڕاست بێت ناوی بانە لە کتێبی مێژوویی و جوغرافیی کۆنا نەهاتووە، لە دەورێکا پەیدا بووە کە حکومەتی ئەردەلان دامەزراوە. ئێستە شارۆڵکەیێکی قنجە ناوەندی فەرمانداریە. دوو ناوچەی هەیە، خەڵکەکەی زۆر بە ڕەوشت و خووی سلێمانییەوە بەستراوەن.

(٢) ئەم داستانە گەرچی لەلای من هەر لە بنەڕەتەوە دەست هەڵبەستە بەڵام جار جار کابرای نووسەر بێ ڕەوشتی و لە خوا نەترسی و دووری لە یاسای مرۆڤایەتیی هێرشکارانی عەرەب نیشان ئەدات.

(٣) سیماقولی ناوێکی تورکییە پاشماوەی دەورانی سەلجوقییە، لە سەرەتای ئیسلاما ناوی تورکی لە کوردستانا نەبووە.

خاوێن و داوێن پاکن سەرنجی ژنی ڕووت لایان گوناهـ و ناڕەوایە (؟) جا کە سپای ئیسلام ڕابورد و هەموو چاوی خۆیان پۆشیبوو. خەڵکی سیما قولی بە هەلیان زانی هێرشیان بردە سەریان (١٥٠) کەسیان لێیان کوشت(؟) سەرانی ئیسلام ناچار بوون سپابەزیان کرد و کەوتنە بەرانگاری لەم شەڕەدا، (٣٠٠) کەسیان لە کوردان کوشت و تۆڵەی ئەم سەردارانەیان کردەوە کە لەم شەڕەدا شەهید بوون (زەرار، قەعقاع، میقداد، وائیلە) و زۆری تر.[٤] خالید لەم نسکۆ و کارەساتە زۆر دڵگران و زویر بوو، کەوتە گریان و پاڕانەوە لە خوا کە هەرگیز کوردان پیرۆز نەکا و بە مرازیان نەگەیێنێ. ئنجا لەوێوە نامەشی نووسی بۆ سەرانی ئیسلام کە هەرگیز بە فڕوفێڵی کورد و عەجەم نەخەڵەتێن و لێیان ئەمین نەبن.

قسەگێڕەوە وتویە: ئنجا خالید و عەبدوڵڵا بە خەم و خەفەتەوە ڕوویان کردە (نەینەوا). لە نێوانی هەولێر و موسڵدا تووشی ڕووبارێکی زل بوون کە بەسواری لێیان ئەدا. لەم حەلەدا پیرەژنێکی فەرتووت لە کەناری ڕووبارەکە دانیشتبوو داوای لە عەبدوڵڵا کرد بیپەڕێنێتەوە، عەبدوڵڵا سواری پشتی خۆی کرد، هەر کە گەیشتە ناوەندی ڕووبارەکە پیرەژنەکە تۆزێکی ژاراوی دا بە لووتی عەبدوڵڵادا. تا لە ڕووبارەکە چوونە ئەوبەر وردە وردە ژارەکە کاری بوو، عەبدوڵڵا ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا و گیانی سپارد. کە خالید بەم کارەساتەی زانی پیرەژنەکەی دایە بەر شمشێر لەتوپەتی کرد. ئنجا یاران کۆ بوونەوە بە سەرۆکایەتیی خالید، عەبدوڵڵایان خستە گۆڕەوە[٥]، ڕوویان کردە شام. ساڵی ٢١ خالید لە شاری

(٤) جارێکی تریش خوێنەرەوەی ئەم کتێبە وریا دەکەمەوە کە بۆ سەرگوزەشتی ئەم یارانەی پێغەمبەر (د.خ) سەرنجی ئەو پەراوێزانە بدەن کە لەسەر دیباچەکەی (واعظی) نووسیومە.

(٥) ئەم درۆیە تەنها بۆ ئەوە هەڵبەستراوە کە گۆڕی کابرایێکی (عەبدوڵڵا عەرەب) ناو بکەن بە گۆڕی عەبدوڵڵا کوڕی عومەر (خ.خ) لەو بن چیای قەرەچوغی کوردستانە گومەزێکی بۆ هەڵبەستن و بیکەنە زیارەتگا، کوردی سادە بچن بەردەکانی ماچ بکەن و داوای نیازی لێ بکەن.

(حمص) مرد. هەر لەو ساڵەدا بوو کە خەلیفەی دووەم ئیمامی عومەر (خ.خ)[٦] کۆچی دوایی کرد.

(٦) وا دیارە نووسەر لەبیری چووە کە خەلیفەی دووەم ساڵی (٢٣ك) بەدەستی ئەبو لوئلوئەی نەهاوەندی کوژراوە. ئەمەش گەواهێکی ترە لەسەر ئەوەی ئەم کتێبە فرێ بە واقدییەوە نییە، کۆلکە مەلایێکی کورد وەکو داستانی (بەهنەسا و غەزای خەیبەر) نووسیویە کە بیکا بە وەعز و پەندی مانگی ڕۆژوو، پاش عەسران لە مزگەوتا سەری خەڵکی پێ گەرم بکات یا شەوان لە دێوخانی ئاغا پارشێوی چەوری پێ حەڵاڵ بکات. (خوایە ئەوی مێشکی کوردی بە درۆ ئاخاندووە، مێشکی لە ئاگری دۆزەخا قاڵ بکەی).

سەرچاوەکانی ئەم پەڕاوێزانە

١- تـأريخ الأمم و الملوك: طبرى.
٢- فتوح البلدان: بلاذرى.
٣- فتوح الشام: واقدى.
٤- مروج الذهب: مسعودى.
٥- التنبيه و الاشراف: مسعودى.
٦- فهرست: ابن نديم.
٧- الكامل: ابن الأثير.
٨- أسد الغابة فى معرفة الصحابة: ابن الأثير.
٩- مشق الشام: ابن عساكر.
١٠- نهاية الأرب: القلقشندى.
١١- الأصابة: ابن حجر عسقلانى.
١٢- تاريخ گزيده: ابن موستوفى.
١٣- نزهة القلوب: ابن مستوفى.
١٤- فەرهەنگى ديهخودا: علماء واديـاء.
١٥- فەرهەنگى دائرة المعارف: علماء و أدباء.
١٦- معجم البلدان: ياقوت حموى.
١٧- فەرهەنگى معين: محمد معين.
١٨- الموسوعة الميسرة: حسن جلال و علماء.
١٩- قاموس الاغلام: شمس الدين سامى.
٢٠- أعلام المنجد: معلوفا اليسوعى.
- گەلێ کتێبی تر کە ناویان لە پەڕاوێزەکانا نووسراوە